زمان نەخشە" ڕیگای کەلتوورە، بێت دەڵێت خەڵکەکەی لە کوێوە هاتوون
و بۆ کۆێ دەڕۆن" ریتامەی براون

# بێژە بیبێژە

مامۆستا شێرکۆ
(ئەمین کەریم)

پێشکەشە بە کورد بە خوێنەری کوردی

لە دوادوییەکانی تەمەنمدا ڕوانیم کاریکی ئەوتۆم نەکردوە بڵێم ئەرکی مرۆڤانەی خۆم ئەنجام داوە ، وەک کوردێک ناخم وروژاندمی بۆ ئەم هەوڵە چکۆلانەیە لە پڕ کردنەوەی کەلەبەرێک لە زمانی کوردیدا هەر چەندە من شارەزاو لێوەشاوەی زمانی کوردی نیم بەڵام بەلامەوەگرنگە  پێش ماڵ ئاوایی ناخم ئاسوودە بکەم بە ئەندازەی هۆشم بەرهەمێک بۆ کورد بخەمە سەر پەڕە نەک بۆ ئەوەی بڵێن پیاوێکی ئاوهاو ئاوهابوو بەڵکوو بۆ داکۆکی کردنم بوو بۆ کوردبوون و هاندان بێت بۆ بەرەو پێش بردنی زمانی شیرینی کوردی و پایەدار کردنی دادی کۆمەڵایەتی و زمانەکەمان لە هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕێگەی زمانەکەمانەوەو پاککردنەوەی لە خەوشی خۆخزاندنی زمانەکانی تر ، بۆیە ئەم نامێلکەیەم خستە بەردەستی ئێوەی خوێنەر بە ناوی ***بێژەو بیبێژە*** بە هەردوو پیتی ئارامی و لاتینی بەهیوام کەڵکی هەبێ.

le diwa diwayiyekanî temenimda ȓiwanîm karêkî ewtom nekirdiwe biḽêm erkî mirovaney xom encamdawe , wek kurdêk naxim wirûjandimî bo em hewḽe çikolaneye le piȓ kirdinewey keleberêk le zimanî kurdîda her çende min şarezaw lêweşawey zimanî kwrdî nîm beḽam belamewe giringe pêş maḽ awayî naxim asûde bikemû be êndazey hoşim berhemêk bo kurd bixeme ser peȓe  nek bo ewey biḽên piyawêkî awhaw awhabû beḽkû bo dakokî krdinim bû bo kurdbûnû handan bêt bo berew pêş brdnî zimanî şîrînî kurdîw payedar kirdinî dadî komeḽayetîw zimanekeman le hemû cumgekanî jiyanî komeḽgay kurdewarî le ȓêgey zimanekemanewew pakkirdinewey le xewşî xoxizandnî zimaneknî tir , boye em namêlkeyem xiste berdestî êwey xiwêner be nawî ***bêje w bîbêje*** be herdû pîtî aramî w latînî be hîwam keḽkî hebê.

ئەمین کەریم

٢٠١٤/١١/٨

emîn kerîm

8-11-2014

**ئابڵووقە** : گەمارۆ ، دەوردران

شەکەتی کرد بە **ئابڵووقەی** ئابووری و پرزەی لێ بڕی و چۆکی پێدادا.

**abḻûqe :** gemaro , dewirdiran

şeketî kirid be **abḻûqey** abûrîw pirzey lê biřîw çokî pêdada.

**ئابڕوو :** ڕێز ، ناوبانگ

ڕەوشتی خراپ **ئابڕووی** پێ دەچێت.

درۆ کردن **ئابڕوو** چوونی بە دوادا دێت.

**abřû:** řêz , nawbanig

řewiştî xirap **abřûy** pê deçêt.

drokirdin **abřû** çûnî be diwada dêt.

**ئاپوورە :** گردبوونەوەی خەڵکێکی زۆر

لە نەورۆزی ٢٠١٤ ی ئامەددا **ئاپوورەی** خەڵک گەیشتە نزیکەی ٢ ملیۆن کەس.

**apûre :** girdbûneweyekî zorî xeḻik

le newrozî 2014y amedda **apûrey** xeḻik geyişte nizîkey 2 milyon kes.

**ئارام :** هێمن

زەریای **ئارام** گەورەترین بەشی زەوی داپۆشیوە بە ئاو .

**aram :** hêmin

zeryay **aram** gewretirîn beşî zewî dapoşîwe be aw.

**ئارەزوو :** ویست ، خواز

**ئارەزوومەندانی** زمانی کوردی پێویستییان بە خوێندنەوەی زۆرە.

**arezû :** wîsit , xiwaz

**arezûmendanî** zimanî kurdî pêwîstiyan be xiwêndinewey zore.

**ئازا :** بوێر ، نەترس

**ئازا**یانەتاو دەدات و نەبەردێک تۆمار دەکات.

**aza :** biwêr , netiris

**aza**yane taw dedatû neberdêk tomar dekat

**ئازار :** ئێش

ئەنفال **ئازارێکەو** بە ڕزگاری کوردستان هێور دەبێتەوە.

**azar :** êş

enfal **azarêkew** be îizgarî kurdistan hêwir debêtewe.

**ئازایەتی :** بوێری ، نەترسی

پێشمەرگە **ئازایەتی** زۆریان نواند بە دڵسۆزیان گەر ڕابەرایەتی وەک خۆیان هەبێت زۆری تریش دەنوێنن.

**azayetî :** biwêrî , netirsî

pêşmerge **azayetî** zoryan niwand be dil̮soziyan ger îaberayetî wek xoyan hebêt zorî tirîş denwênin.

**ئاسایی :** سادە ، نا ئاڵۆزی

دادپەروەری هەمیشە وڵات لە باری **ئاساییدا** ڕادەگرێت.

**asayî :** sade , na aḽoz

dadperwerî hemîşe wiḽat le barî **asayîda** r̂adegrêt.

**ئاشکراکردن:** خستنەڕوو

**ئاشکراکردنی** داهات و دەرچەی دارایی دڵنیایی دەداتە هاوڵاتییان.

**aşkirakirdin :** xistiner̂û

**aşkirakirdinî** dahatû derçey darayî diḽniyayî dedate hawiḽatiyan.

**ئاگاداری :** وریاکردنەوە

لەکەوتنە قەیرانەوە باشتروایە **ئاگاداری** بدرێتە هاوڵاتییان و چاوبەستەکێیان لێنەکرێت.

**agadarî :** wiryakirdinewe

le kewtine qeyranewe baştirwaye **agadarî** bidrête hawiḽatiyanû çaw bestekêyan lênekrêt.

**ئاڵۆز :** تیک ئاڵاو ، گرفت

چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد **ئاڵۆزە**و کورد بوونی دەوێت.

**aḽoz :** têk aḽaw , girifit

çareserî kêşey neteweyî kurd **aḽozew** kurd bûnî dewêt.

**ئامۆژگاری :** وتنی چاک

**ئامۆژگاری** ناوداران و پیاوچاکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی تەنها بۆ خوێندنەوەو خۆرادانی زانین نیە بۆ کردەوە پێکردن و چاککردن و هێنانەوە سەر ڕێی لەڕێ دەرچوانە.

**amojgarî :** witinî çak

**amojgarî** nawdaranû piyawçakanî komeḻî mirovayetî tenha bo xwêndinewew xor̂adanî zanîn niye bo kirdewe pêkirdinû çak kirdinû hênanewe ser r̂êy ler̂ê derçiwane.

**ئاوارە :** بێ دەرەتان ، سەرگەردان

دزێوترین جۆری ژیانی مرۆڤ **ئاوارەییە** لاری و نەفامی و شەڕەنگێزی بە دووی خۆیدا دەهێنێت.

**aware :** bê deretan , sergerdan

dizêwtirîn corî jiyanî mirov **awareyiye** larîw nefamîw şer̂engêzî be dûy xoyda dehênêt.

**ئاواز :** دەنگی ساز

حەمە جەزا **ئاوازە** خوێنێکی نەتەوەیی کورد بوو.

**awaz :** dengî saz

heme ceza **awaze** xiwênêkî neteweyî kurd bû.

**ئاوسان :** پەنمان ، باکردن ، زۆری بێ بەهایی پارە، دووگیانی ژن

**ئاوسانی** دراوی ئەنجامی دابەزینی نرخی دراوو زۆری دراوەکەیە لە بازاڕدا.

**awsan :** penman, bakirdin, zorî bê behayî pare, dû giyanî jin

**awsanî** dirawî encamî dabezînî nirxî dirawû zorî dirawekeye le bazar̂da.

**ئەمبەرەوبەر :** جێگیر نەبوون

هەندێ کەس بۆ دەستکەوتەکانیان لە **ئەمبەرەوبەر** دان.

**emberewber :** cêgîr nebûn

hendê kes bo desitkewtekanyan le **emberewber**dan.

**ئەزموون :** شارەزایی ، تاقی کردنەوە

**ئەزموونی** فەرمانڕەوایەتی وڵاتان ڕێگاکە بۆ کورد کورت دەکاتەوە.

**ezmûn :** şarezayî , taqîkirdinewe

**ezmûnî** fermanȓewayetî wiḽatan ȓêgake bo kurd kurit dekatewe.

**ئەنجام :** کۆتایی هەر کردەیەک، ئاکام

**ئەنجامی** هەڵبژاردن بردنەوەو دۆڕانی ڕکابەرانی دەردەخات.

**encam :** kotayî her kirdeyek , akam

**encamî** heḽbijardin birdinewew doȓanî ȓikaberanî derdexat.

**ئەندازە :** پێوانەیی

گەردوون پڕە لە **ئەندازەی** نادیارو پڕ ڕاز ، ئەرێ شێوەی **ئەندازەیی** ئەستێرەکانی بەخت گەردوونییە ؟

**endaze :** pêwaneyî

gerdûn piȓe le **endazey** nadyarû piȓ ȓaz , erê şêwey **endazeyî** estêrekanî bexit gerdûniye?

**ئەندام :** هاوبەشبوون

هەناو چەندین **ئەندامی** کارای جەستەی تێدایە وەک کۆ **ئەندامی** هەرس ، دڵ و دابەشکردنی خوێن و سیپەلک و گورچیلەو زاوو زێ.

**endam :** hawbeşbûn

henaw çendîn **endamî** karay cestey têdaye wek ko endamî heris , diḻu dabeşkirdinî xiwênu sîpeliku gurçîlew zawû zê ... .

**ئومێد :** ئاوات ، هیوا

کورد تەنها ئومێدی کوردبوونە .

**umêd :** awat , hîwa

kurd tenha **umêdî** kurdbûne .

**ئێشک :** پاسەوانی ، شەونەخەوتن، شەونخوونی

**ئێشک** گرانی شەو پاراستنی سەروو ماڵی هاوڵاتیانیان لە ئەستۆدایە.

**êşik :** pasewanî , şewnexewtin , şewnixûnî

**êşik** giranî şew parastinî serû maḻî hawiḻataniyan le estodaye.

**باشتر :** چاکتر

**باشترین** هەڵسوکەوت ملکەچ بوونی یاسایە.

**baştir :** çaktir

**baştirîn** heḻsûkewit milkeç bûnî yasaye.

**بار :** دۆخ

**باری** ناهەمواری ڕاست نابێتەوە لە بێ **باریدا**.

**bar :** dox

**barî** nahemwarî îasit nabêtewe le bê **barîda.**

**بایەخ :** بەها ، گرنگی

پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان **بایەخی** نەتەوەیی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ڕەچەڵەکی کورد و گەشتیاری .

**bayex :** beha , giringî

parastinî şiwêneware mêjûyiyekan **bayexî** neteweyî heye bo yekla kirdinewey îeçeḻekî kurdû geştiyarî.

**بت :** پەیکەر

پەیکەرتاشان ناخرێنە خانەی **بت** پەرستییەوە .

**bit :** peyker

peykertaşan naxrêne xaney **bit** peristiyewe.

**بڕیار :** پەیمان

وا **بڕیارە** کورد نەبێتە خاوەنی وڵاتی یەکگرتوو گەر سنووری بنەماڵەو خێڵ تێنەپەڕێنێ.

**biîyar :** peyman

wa **biîyare** kurd nebête xawenî wiḻatî yekgirtû ger sinûrî binemaḻew xêḻ têneperênê.

**بریسکانەوە :** درەوشانەوە ، بریقانەوە

گیانی نەمرانی بەرخودان لە ئاسمانی ویژداندا **ئەبریسکێتەوە** بەرز ڕاگرتنیان لەوەدایە ڕێگاکەیان کوێر نەکەینەوە بۆ بەرژەوەندییەکانمان .

**birîskanewe :** direwşanewe , birîqanewe

giyanî nemranî berxudan le asmanî wîjdanda **ebrîskêtewe** beriz r̂agirtinyan lewedaye r̂êgakeyan kiwêr nekeynewe bo berjewendiyekanman.

**برسێتی :** هەژاری ، نەبوونی خۆراک

نادادی لە دابەشکردنی خۆراکدا هۆی بنەڕەتی **برسێتییە** لە جیهاندا.

**birsêtî :** hejarî , nebûnî xorak

nadadî le dabeşkirdinî xorakda hoy bineȓetî **birsêtiye** le cihanda.

**بڕوانە :** بنۆڕە ، تەماشاکە

لە دایکی خۆتەوە **بڕوانە** ئافرەت.

**biȓwane :** binoȓe , temaşake

le daykî xotewe **biȓwane** afret.

**بزوێنەر :** جووڵێنەر

وزە ماکی **بزوێنەرە** هۆشمەندیش سەرچاوەی **بزووتنی** ناخە.

**bizwêner :** cûḻêner

wize makî **bizwênere** hoşmendîş serçawey **bizûtinî** naxe .

**بژاردە :** تاکە ڕێگا ، کەم وێنە ، نموونەیی

کوردبوون تاکە **بژاردەیە** چارەنووسی کورد دیاری بکات .

**bijarde :** take r̂êga , kem wêne , nimûneyî

kurdbûn take **bijarde**ye çarenûsî kurd diyarî bikat.

**بلیمەت :** ژیر

خوێندکاری **بلیمەت** دواڕۆژی پرشینگدارە .

**bilîmet :** jîr

xiwênidkarî **bilîmet** diwar̂ojî pirşingdare .

**بڵاو :** پرژ ، پەرش

**بڵاو** بوونەوی نەخۆشییە درمەکان بێ بەرپرسی بەرپرسە باڵاکانی تەندرووستییە.

**bil̬aw :** pirij , periş

**bil̬aw** bûnewey nexoşiye dirmekan bê berpirsî berpirse bal̬akanî tendirûstiye.

**بڵند :** بەرز

چیا **بڵند** و سەرکەشەکانی کوردستان زۆزانی ڕەوەندە ئاژەڵدارەکانە.

**bil̬ind :** beriz

çiya **bil̬ind**û serkeşekanî kurdistan zozanî r̂ewende ajel̬darekane.

**بنچینەیی :** بنەڕەتی

دانانی بەردی **بنچینەیی** سەرەتای دەست بەکار بوونی هەر پرۆژەیەکە.

**binçîneyî :** bineȓetî

dananî berdî **binçîneyî** seretay dest bekar bûnî her piȓojeyeke.

**بنەڕەتی :** سەرەتایی

گرنگیدان بە قۆناخی **بنەڕەتی** فێرکردن مەرجە بۆ درووست بوونی ئایندەی کەسایەتییەکی باشی منداڵ .

**bineȓetî :** seretayî

giringîdan be qonaxî **bineȓetî** fêrkirdin merce bo dirûst bûnî ayindey kesayetiyekî başî mindaḽ.

**بنەما :** بناخە ، ماک

مادده **بنەمای** بوونی گیاندارو بێ گیانەکانە .

**binema :** binaxe , mak

madde **binema**y bûnî giyandarû bêgiyanekane .

**بوار :** بار ، تەنکاوی ڕووبار

فەرمانڕەوا ئەبێ هەمەلایەنە بنواڕێتە **بوارە**کانی ژیانی کۆمەڵگاکەی.

**biwar :** bar, tenkawî ȓûbar

fermanȓewa ebê hemelayene binwaȓête **biwar**ekanî jiyanî komḽekey .

**بوختان :** هەڵبەستن بەدەم کەسێکی ترەوە

**بوختان** یەکێکە لە قێزەون ترین خووەکان .

**buxtan :** heḽbestin bedem kesêkî tirewe

**buxtan** yekêke le qêzewin tirîn xuwekan.

**بوێر :** ئازا

خۆبەخشین ئەوپەڕی **بوێرییە** لە بەتەنگەوەهاتن یا لە جەنگدا.

**biwêr :** aza

xobexşîn ewpeȓî **biwêriye** le betengewehatin ya le cengda.

**بۆچوون :** دید ، چوون بەرەو

لە کێشەی نەتەوایەتیدا پێویست دەکات **بۆچوونەکان** هەماهەنگ بن.

**بۆی دەچێت** بەوپەڕی هۆش و گۆش و ڕاپەڕموونەوە.

**boçûn :** dîd , çûnberew

le kêşey netewayetîda pêwîstdekat **boçûnekan** hemaheng bin.

**boydeçêt** bewpeȓî hoşu goşu ȓapeȓmûnewe.

**بۆگەن :** تێکچوو ، گەنیو

**بۆگەنی** ناو دەم هەندێک جار پەیوەندی بە نەخۆشی دەم و دگانەوە هەیە.

**bogen :** têkçû , genîw

**bogenî** naw dem hendêk car peywendî be nexoşî demu diganeweye.

**بەتاڵ :** خاڵی ، بۆشایی

ئەبێ لە گەردووندا بەتاڵایی هەبێت ؟

**betaḻ :** xaḻî , boşayî

ebê le gerdûnda **betaḻ**ayî hebêt?

**بەدخوو :** لار

دەرچوون لە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا **بەدخوویە** .

**bedxû :** lar

derçûn le yasaw r̂êsakanî komeļga **bedxûyiye.**

**بەجێ :** درووست ، ڕاست

لە گفتووگۆکانیدا بۆچوونی **بەجێ** دەردەبڕێ .

**becê :** dirûsit **,** r̂asit

le giftû gokanîda boçûnî **becê** derdebr̂êt.

**بەختیار :** ئاسوودە

وڵاتی دامەزراوەو ئۆقرە هاونیشتمانیانی **بەختیار**ن .

**bextiyar :** asûde

wiļatî damezrawew oqre hawnîştimanyanî **bextiyarin**.

**بەپێی :** بەهۆی

**بە پێی** زانیارییە بەدەس هاتووەکان لەسەر هەسارەی مارس ژیانی تێدا نییە.

**bepêy :** be hoy

**bepêy** zanyariye bedes hatiwekan leser hesarey mars jiyanî têda niye.

**بەدیکردن :** دیتن

بووژاندنەوەی کەرتی کشتووکاڵ و لەسەرپێخستنی کەرتی پیشە سازی ئایندەی لێ **بەدیدەکرێت**.

**bedîkirdin :** dîtin

bûjandinewey kertî kiştûkaḽû leserpêxistinî kertî pîşesazî ayindey lê **bedîdekrêt** .

**بەخشندە :** دڵفراوان

**بەخشندەیی** باڵاترین خووی مرۆڤە .

**bexşinde :** diḽfirawan

**bexşindeyî** baḽatrîn xûy mirove.

**بەخشین :** لێبووردن

**بەخشین** ئاشتی نێوان مرۆڤەکان جێگیر دەکات .

**bexşîn :** lêbûrdin

**bexşîn** aştî nêwan mirovekan cêgîr dekat.

**بەختەوەر :** ئاسوودە

پڕینی سەختییەکانی ژیان **بەختەوەرییە**.

**bextewer :** asûde

biȓînî sextiyekanî jiyan **bextewer**iye.

**بەرتیل :** وەرگرتنی پارەیەک بە ناڕەوایی

**بەرتیل** خواردن هۆی گەندەڵییە لە بەڕێوە بردندا.

**bertîl :** wergirtinî pareyek be naȓewayî

**bertîl** xiwardin hoy gendeḽiye le beȓêwe birdinda.

**بەرزترین :** بڵندترین

پڕوانە **بەرزترین** ئاستی هۆشمەندی بۆ درووست کردنی بەهێزترین کەسایەتی.

**beriztirîn :** biḻindtirîn

biȓwane **beriztirîn** astî hoşmendî bo dirûst kirdnî behêztirîn kesayetî.

**بەرۆک :** یەخە

**بەرۆکی** بەرنەدا تا مافی خۆی سەپاند.

**berok :** yexe

**berokî** berneda ta mafî xoy sepanid.

**بەسەرچوو :** ڕابووردوو

دەمیی نەفامیی **بەسەرچوو** لەسەردەمی ژمارەدا.

**beserçû :** ȓabûrdû

demî nefamî **beserçû** le serdemî jimareda.

**بەستەر :** لکێنەر بۆ گەیاندن

ئەتوانی بە **بەستەرەکە** پەیوەندییەکە گرێ بدەیت.

**bester :** likêner bo geyandin

etwanî be **bestereke** peywendiyeke girê bideyt.

**بەستن :** گرێدان

**بەستنی** گردبوونەوەی نەتەوەیی بێداربوونەوەیە دژی خێڵایەتی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست.

**bestin :** girêdan

**bestinî** giridbûnewey neteweyî bêdarbûneweye dijî xêḻayetîw paşmawey sedekanî naweȓasit.

**بەزەیی :** سۆز

**بەزەییم** بەخۆمدا دێتەوە تا ئێستا بێ وڵاتم .

**bezeyî :** soz

**bezeyîm** bexomda dêtewe ta êsta bê wiḻatim.

**بەش :** بەرکەوت ، هەند

ئەو **بەشە** باشە ئەنجامی کار بەدەست هاتبێت .

**beş :** berkewit , hend

ew **beşe** başe encamî kar bedesit hatibêt.

**بەند :** گیراو ، خاڵی یاسایی

**بەند**کراوان نابێت فەرامۆش بکرێن و لە سایەی یاساکانی چاکسازیدا لە کۆمەڵگادا جێگایان بۆ بکرێتەوە.

**benid :** gîraw , xaḻî yasayî

**benid**kirawan nabêt feramoş bikrênû le sayey yasakanî çaksazîda le komeḻgada cêgayan bo bikrêtewe.

**بەندەن :** کێو ، دەشت و دەر

چەند خۆشە بەهاران چوونە **بەندەن** بۆ کنگرو ڕێواسان .

**benden :** kêw , deştû der

çenid xoşe beharan çûne **benden** bo kingiru r̂êwasan.

**بەها :** نرخ

**بەها** کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە یاسا پارێزراو بن .

**beha :** nirix

**beha** komeḽayetiyekan pêwîste be yasa parêzraw bin.

**بیرتیژی :** زیرەکی ، ژیری

خێرا هاتنە دەست لە وەڵامدا نیشانەی **بیرتیژییە** .

**bîrtîjî :** zîrekî , jîrî

xêra hatine desit le weḽamda nîşaney **bîrtîjiye.**

**بێبار :** هەلپەرست

**بێبار** لەناڵیش دەدا و لە بزماریش .

**bêbar :** helperisit

**bêbar** le naḽîş dedaw le bizmarîş.

**بێباک :** بێ پەروا

خوێندکاری ژیر **بێباکە** لە تاقیکردنەوە .

**bêbak :** bê perwa

xiwênidkarî jîr **bêbake** le taqîkirdinewe .

**بێزار :** وەڕس

تەمەن بەسەر چوو بەڵام هەر **بێزار**نیم لە ئەویندارى خاکى نیشتمانم.

**bêzar :** weȓis

temen beser çû beḽam her **bêzar** nîm le ewîndarî xakî nîştimanim.

**بێزراو :** لەبەرچاوکەوتن ، قێزەون

ژینى سایەى ستەم **بێزراوە** .

**bêzraw :** leberçawkewtin , qêzewin

jînî sayey sitem **bêzrawe**.

**بێلایەن :** سەربەخۆ

**بێلایەنى** ملکەچ نەبوونە بۆ ئەموو ئەو.

**bêlayen :** serbexo

**bêlayenî** milkeç nebûne bo emû ew.

**بێگەرد :** بێ خەوش ، پاک

ئەشێ ئاوى دڵۆپێنراو **بێگەرد** بێت .

**bêgerid :** bê xewiş , pak

eşê awî diḽopênraw **bêgerid** bêt.

**پابەند :** مل کەچى ، گوێدان

**پابەند** بوونى کۆمەڵ و نوێنەرەکانى بە ڕێساوە (دەستور) وڵات بە ئاقارى ئۆقرەیى و پێکەوە ژیانى کۆمەڵ دەبات.

**pabenid :** mil keçî , giwêdan

**pabenid** bûnî komel̂û niwênerekanî be r̂êsawe (destûr) wil̂at be aqarî oqreyîw pêkewe jiyanî komel̂ debat.

**پاراو :** تێرئاوکردن ، توێنێتی شکاندن

بارانی پەڵە خاک **پاراو** دەکات .

**paraw :** têr aw kirdin , tiwênêtî şikandin

baranî pel̂e xak **paraw** dekat .

**پارێز :** خۆ دوور گرتن

نا تەندرووستانە **پارێزی** کردوو زیانی بەجەستەی گەیاند .

**parêz :** xo dûr girtin

na tendirûstane **parêzî** kirdû ziyanî be cestey geyand.

**پارێزراو :** پارێزگاری لێکراو

دیپلۆماتکاران **پارێزراون** بە یاسا.

**parêzraw :** parêzgarî lê kiraw

dîplomatkaran **parêzrawin** be yasa.

**پاشگەز :** پەشیمان بوونەوە

**پاشگەز** بوونەوە لە پەیمان کار دەکاتە سەر کەسایەتی.

**paşgez :** peşîman bûnewe

**paşgez** bûnewe le peyman kar dekate ser kesayetî.

**پاشەکشە :** گەڕانەوە ، کشانەوە

لە ژێر لێزمەی تۆپ باراندا **پاشەکشە**ی کرد .

**paşekişe :** geȓanewe , kişanewe

le jêr lêzmey top baranda **paşekişe**y kird.

**پاڵپشت :** پشتگیر

هێزە دەرەکییەکان تەنها **پاڵپشتن** لەیەکلایی کردنەوەی کێشەکان .

**paḽpişt :** piştgîr

hêze derekiyekan tenha **paḽpiştin** le yeklayî kirdinewey kêşekan.

**پاککردنەوە :** خاوێن کردنەوە

ئەرکی سیپەلکەکان **پاککردنەوەی** خوێنە لە دووهەم ئۆکسیدی کاربۆن .

**pakkirdinewe :** xawên kirdinewe

erkî sîpelkekan **pakkirdinewe**y xiwêne le dûhem oksîdî karbone.

**پتەو :** کۆک ، سەخت

شیشی ئاسن پایەی کۆنکرێتی **پتەو** تر دەکات .

**pitew :** kok , sexit

şîşî asin payey konkirêtî **pitew**tir dekat.

**پچڕ پچڕ :** داپڕاو لە یەکتر ، کەرت کەرت

وتارەکەی بە **پچڕ پچڕ**ی خوێندەوە بۆیە بە باشی لێی تێنەگەیشتم.

**piçiȓ piçiȓ :** dabiȓaw le yektir , kerit kerit

witarekey be **piçiȓ piçiȓ**î xiwêndewe boye be başî lêy tênegeyiştim.

**پڕ :** لێوان لێو

**پڕ** بە ڕبەیەک گەنممان دەدا بە کێشێک ترێ .

**piȓ :** lêwan lêw

**piȓ** be ȓibeyek genimman deda be kêşêk tirê.

**پشتیوان :** پشتگیر

**پشتیوانی** کردنی پارچەکانی کوردستان بۆ یەکتری چارەنووس سازییە.

**piştîwanî :** pişitgîr

**piştîwanî** kirdinî parçekanî kurdistan bo yektirî çarenûs saziye.

**پشکنین :** بە دواداگەڕان ، بە دوادا چوون

هەر ئامێرێکی نوێ پێویستە **پشکنینی** بۆ بکرێت .

**pişkinîn :** bediwada geȓan , bediwada çûn

her amêrêkî niwê pêwîste **pişkinînî** bo bikrêt.

**پشوو :** هەناسە

**پشوو** دەخواتەوە لە شمشاڵ لێداندا .

لەناوەڕاستی کاردا **پشوو** وەرگرتن ئارامییە بۆ جەستە.

**pişû :** henase

**pişû** dexwatewe le şimşal̰ lêdanda.

lenaweȓastî karda **pişû** wergirtin aramiye bo ceste.

**پووچ :** پووک ، وتەی بێ واتا

کیلۆیەک گوێزم کڕی چەند دانەیەکی **پووچ** بوو.

**pûç :** pûk, witey bê wata

kîloyek giwêzim kiȓî çenid daneyekî **pûç** bû.

**پووچەڵ :** ڕەتکراوە

دادگا لە توانایدایە تانەکان **پووچەڵ** بکاتەوە.

**pûçel̰ :** ȓetkirawe

dadiga le tiwanaydaye tanekan **pûçel̰** bikatewe.

**پوختە :** کاکڵە

**پوختەی** بابەتەکەی لە چەند دێڕێکدا کورت کردۆتەوە.

**puxte :** kakl̰e

**puxtey** babetekey le çend dêȓêkda kurit kirdotewe.

**پۆپە :** بەرزترین لووتکە ، سەرەوەی دەسەڵات

بە کۆششی خۆی گەیشتە **پۆپەی** دەسەڵات .

**pope :** beriztirîn lûtke , serewey desel̰at

be koşişî xoy geyişte **pope**y desel̰at.

**پۆشته :** پۆشینی تەواو ، ڕێک و پێک

داراکان هەمیشە **پۆشتە**ترن لە پۆشیندا.

**poşte :** poşînî tewaw , r̂êk u pêk

darakan hemîşe **poşte**tirin le poşînda.

**پۆشین :** لەبەرکردنی پۆشاک

**پۆشینی** جل و بەرگی جوان ڕوخسارێکی جوان بە کەسایەتی دەبەخشێت.

**poşîn :** leberkirdinî poşak

**poşînî** cilu berigî ciwan r̂uxsarêkî ciwan be kesayetî debexşêt.

**پەروا :** گوێدان

پێشمەرگە هەمیشە بێ **پەروا** بووە لە پەلامارەکانی دوژمن .

**perwa :** giwêdan

pêşmerge hemîşe bê **perwa** biwe le pelamarekanî dujmin.

**پەرەسەندن :** ڕوان ، بڵاوبوونەوە

**پەرەسەندنی** کشتووکاڵ کاریگەری گرنگ لەسەر پێشکەوتنی پیشەسازی دادەنێ.

**peresendin :** r̂iwan, biḽawbûnewe

**peresendin**i kiştûkaḽ karîgerî giring leser pêşkewtinî pîşesazî dadednê.

**پەرپووت :** یێکەڵک

**پەرپووت** بووە لە بەکارهێناندا.

**perpût :** bêkeḽik

**perpût** biwe le bekarhênanda.

**پەرش :** بڵاو

**پەرشی** کرد بەو ناوەدا لەبەر گەوجی خۆی.

**periş :** biḽaw

**perişî** kird bew naweda leber gewcî xoy.

**پەرۆش :** بەتەنگەوەهاتن

بە **پەرۆشەوە** بە دەم برسییەکانەوە چوو.

**peroş :** betengewehatin

be **peroşewe** be dem birsiyekanewe çû.

**پەرێشان :** نا تەندرووست

ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی سەر زەوی **پەرێشانن** بەهۆی برسێتی.

**perîşan :** na tendrûsit

rêjeyekî zorî danîştiwanî ser zewî **perêşanin** behoy birsêtî.

**پەست:** وەڕس

**پەست** و بێزارە لەبەر نەبوونی.

**pesit :** weȓis

**pesit**û bêzare leber nebûnî.

**پەسند :** چاک

بەکۆی دەنگ بڕگە یاساییەکە **پەسند** کرا.

**pesind :** çak

be koy denig biȓge yasayiyeke **pesind** kira.

**پەشیمان :** ژیوان بوونەوە ، پاشگەز

دوای چەندین ساڵ لە هاوپەیمانییەکەی **پەشیمان** دەبێتەوە.

**peşîman :** jîwanbûnewe , paşgez

diway çendîn saḻ le hawpeymaniyekey **peşîman** debêtewe.

**پەکخستن :** لەکارخستن

بایەخدانی سەرەکی بە هاوردە دەبێتە هۆی **پەکخستنی** بەرهەمی خۆماڵی.

**pekxistin :** lekarxistin

bayexdanî serekî be hawirde debête hoy pekxistinî berhemî xomaḻî.

**پەنهان :** نادیار ، شاراوە

زۆر لە ڕازەکانی گەردوون بە **پەنهانی** دەمێننەوە.

**penhan :** nadyar , şarawe

zor le ȓazekanî gerdûn be **penhanî** demêninewe.

**پەیدابوون :** هاتن ، لەدایک بوون ، لە نوێ بوون ، نەوزاد

مشتوومڕی **پەیدابوونی** ژیان هەتا هەتایە ناپڕێتەوە لە نێوان زانست و ئاییندا.

**peydabûn :** hatin , le dayikbûn , le niwê bûn , newzad

miştûmiřî **peydabûnî** jiyan heta hetaye nabřêtewe le nêwan zanistû ayinda.

**پەیوەندی :** تێکەڵی ، گەیاندن

**پەیوەندییە** کۆمەڵایەتییەکان دان و ستاندنی هوشیاری تێدا ئەنجام دەدرێ.

**peywendî :** têkeļî , geyandin

pewendiye komeļayetiyekan danu standnî huşyarî têda encam dedrê.

**پیاهەڵدان :** پیاداگوتن

گەندەڵکاران وەک چاوەشەکان کاریان **پیاهەڵدانە.**

**piyaheļdan :** piyadagutin

gendeļkaran wek çaweşekan kariyan **piyaheļdane.**

**پیرۆز :** زۆر بەبایەخ

**پیرۆزی** هەر لە ئایینەکاندا هەیەو لە زانستدا جێگای نابێتەوە.

**pîroz :** zor be bayex

**pîrozî** her le ayinekanda heyew le zanistda cêgay nabêtewe.

**پیس :** چەپەڵ ، پۆخڵ

**پیس** خۆرەکان پاک و خاوێنیان بەلاوە گرنگ نییە.

**pîs :** çepeļ , poxiļ

**pîs** xorekan pakû xawêniyan belawe giring niye.

**پیسکە :** ڕژد

**پیسکە** لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بەدەردەوە سەر دەنێتەوە.

**pîske :** řijd

**pîske** le kotayiyekanî jiyanîda bederdewe ser denêtewe.

**پێداگرتن :** سووربوون

**پێداگری** لەسەر درووست کردنی وڵاتی نەتەوەیی ئەرکی هەموو تاکی کوردە.

**pêdagirtin :** sûrbûn

**pêdagirî** leser drûsit kirdinî wiļatî neteweyî erkî hemû takî kurde.

**پێشبینی :** پەیبردن بە زانینی ئاینده

**پێشبینی** کەشێکی سەخت دەکرێت بۆ زستانی ئەمساڵ.

**pêşbînî :** peybirdin be zanînî ayinde

**pêşbînî** keşêkî sexit dekrêt bo zstanî emsaļ.

**پێشەنگ :** کەسی پێشەوەی کاروان ، بەرایی ، پێشەوا

**پێشەنگی** کاروان گەیشتە جێ.

**pêşenig :** kesî pêşewey karwan , berayî , pêşewa

**pêşengî** karwan geyişte cê.

**پێشەوا :** ڕابەر

**پێشەوایان** ماندووی یەکەم و دوایین کەسی تێرین.

**pêşewa :** r̂aber

**pêşewayan** mandûy yekemu diwayîn kesî têrîn.

**پێشێل :** گوێ نەدان ، فەرامۆش کردن

هەر **پێشێل** کردنێکی یاسایی شایەنی لێپێچینەوەو تاوانبارکردنە.

**pêşêl :** giwê nedan , feramoş kirdin

her **pêşêl** kirdinêkî yasayî şayenî lêpêçînewew tawanbar kirdine.

**تاریک :** تێر ڕەنگ ، ڕەش ، شەو ، ناڕوون

**تاریکایی** ئاسمان ئەوسەری نییە.

**tarîk :** têr r̂enig, r̂eş , şew , nar̂ûn

**tarîkayî** asman ewserî niye.

**تانە :** ڕەخنە ، پەڵەیەکی سپی لەسەر گلێنەی چاو

تاوانبار مافی **تانە** لێدانی لە دادگاییەکەی هەیە.

**tane :** r̂exne , peḽeyekî sipî le ser gilêney çaw

tawanbar mafî **tane** lêdanî leser dadigayiyekey heye.

**تاقیکاری :** تاقیکردنەوە ، ئەزموونکاری

هەر داهێنانێکی نوێ پێویستە بە زنجیرەیەک تاقیکاریدا تێپەڕێت بۆ سەلماندنی درووستیەکەی.

**taqîkarî :** taqîkirdinewe , ezmûnkarî

her dahênanêkî niwê pêwîste be zincîreyek **taqîkarîda** têper̂êt bo selmandinî dirûstiyekey.

**تاوان :** کردەوەی خراپ ، خەتا ، سووچ ، گوناە

داگیرکەرانی کوردستان هەزاران **تاوانی** ڕەشەکوژیان ئەنجامداوە .

**tawan :** kirdewey xirap , xeta , sûç , gunah

dagîrkeranî kurdistan hezaran **tawanî** ṙeşekujiyan encamdawe.

**تام :** چێژ

خواردنی چێشت بە گەرمی **تامی** لێناکرێت.

**tam :** çêj

xiwardinî çêşit be germî **tamî** lênakrêt.

**تایبەت :** ناگشتی

**تایبەتمەندییەکانی** ژیان گرنگن ئەبێت مرۆڤ ژیر بێت لە ڕەچاوکردنیان.

**taybet :** nagiştî

**taybet**mendiyekanî jiyan giringin mirov ebêt jîr bêt le ṙeçaw kirdinyan.

**ترس :** نەوێری

**ترس** خوویەکی مەترسی دارە بۆ خەمۆکی مرۆڤ.

**tiris :** newêrî

**tiris** xûyekî metirsîdare bo xemokî mirov.

**توندڕەو :** ئارەزوی توندوو تیژی

هەر باوەڕێکی **توندڕەو** ڕێگرە لە سرووشتی ئاسایی گەشەکردن.

**tunidr̂ew :** arezûy tundû tîjî

her baweřêkî **tunidr̂ew** r̂êgire le sirûştî asayî geşekirdin.

**توندوو تیژ :** شەڕەنگێز

لەسەدەکانی ناوەڕاست **توندوو تیژ** ترین پەلامارەکان بۆ سەر مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە.

**tundû tîj :** şer̂engêz

le sedekanî nawer̂asit **tundû tîj** tirîn pelamarekan bo ser mirovayetî encamdirawe.

**تۆێنەر :** ماددەیەک ماددەیەکی تر بتوێنێتەوە

ئەسیتەیت مادەیەکی **توێنەرەو** بۆنیشی ناخۆشە.

**tiwêner :** maddeyek maddeyekî tir bitwênêtewe

esîteyt maddeyekî **tiwênerew** bonîşî naxoşe.

**تووڕە :** ڕق هەڵساو ، هەڵچوون ، لەسەر

**تووڕەیی** بەڵا هێنەرە شیرازەی ژیان تێکدەدات.

**tûr̂e :** r̂iq heḻsaw , heḻçûn , leser

**tûr̂eyî** beḻa hênere şîrazey jiyan têkdedat.

**تۆقاندن :** ترساندن

ڕژێمە نامرۆڤایەتییەکان **تۆقاندن** ئەکەنە شێوازی سەرەکی مل کەچ پێ کردنی کۆمەڵ.

**toqandin :** tirsandin

r̂ijême namirovayetiyekan **toqandin** ekene şêwazî serekî mil keç pê kirdinî komeḻ.

**تەڵخ :** لێڵ ، ناڕوون

تەم و مژ شووشەکانی ئۆتۆمبیل **تەڵخ** دەکات.

**taḻix :** lêḻ , nar̂ûn

temû mij şûşekanî otombîl **teḻix** dekat.

**تەنگ :** تەسک ، دژوار

**تەنگ** و چەڵەمەکانی ژیان زەخیرەن بۆ شارەزایی.

**tenig :** tesik , dijwar

**tengu** çeḻemekanî jiyan zexîren bo şarezayî.

**تەنگژە :** قەیران ، تەنگانە

جەنگ هۆی بنەڕەتی **تەنگژە**ی ئابوورییە.

**tengije :** qeyran , tengane

ceng hoy biner̂etî **tengij**ey abûriye.

**تەمەڵ :** تەوەزەل ، سست

درەنگ هەڵسانی بەیانیان جۆرێکە لە **تەمەڵی.**

**temeḻ :** tewezel , sist

direng heḻsanî beyanyan corêke le **temeḻî.**

**تەماوی :** ناڕوون ، پۆشراو بە هەڵم

ڕامیاری زل هێزەکان بەرامبەر جیهان **تەماوییە**.

**temawî :** nar̂ûn , poşraw be heḻim

r̂amyarî zil hîzekan beramber cihan **temawiye** .

**تەواو :** بێ کەماسی

**تەواوی** پرسە نەتەوەییەکان پێویستیان بە کۆ دەنگی هەیە بۆ چارەسەرکردنیان.

**tewaw :** bê kemasî

**tewawî** pirse neteweyiyekan pêwîstiyan be ko dengî heye bo çareserkirdinyan.

**تەنهایی :** هەرخۆ

**تەنهایی** دۆخێکی باش دەڕەخسێنێ بۆ قووڵ بوونەوە لە پەیدابوون.

**tenhayî :** herxo

**tenhayî** doxêkî baş der̂exsênê bo qûḻ bûnewe le peydabûn.

**تەیکردن :** چوون بە قووڵایی ئاسماندا

لە گەردووندا هیچ ڕێگرییەک نییە لە **تەیکردنی** هەسارەو کلکدارەکان.

**teykirdin :** çûn be qûḻayî asmanda

le gerdûnda hîç r̂êgiriyek nîye le **teykirdinî** hesarew kilikdarekan.

**تیژ :** بڕ

جاران بە هەستان چەقۆ **تیژ** دەکرا.

**tîj :** bibiȓ

caran be hestan çeqo **têj** dekra.

**تیرەگەری :** خێڵەکی

**تیرەگەرێتی** قۆناخێکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتییە.

**tîregerî :** xêḻekî

**tîregerêtî** qonaxêkî dwakewtûy komeḻayetiye.

**تێبینی :** سەرنج ، ڕوونکردنەوەیەکی کورت

تۆمارکردنی **تێبینیەکان** یارمەتیدەری بیرهێنانەوەیە.

**têbînî :** serinc , ȓûnkirdineweyekî kurt

tomarkirdinî **têbîniyekan** yarmetîderî bîrhênaneweye.

**تێر :** تەسەل ، پڕ

دەستی ماندوو لەسەر سکی **تێر** . (پەندە)

**têr :** tesel , piȓ

destî mandû leser sikî **têr**. (pende)

**تێکشکان :** نووچدان ، شکستخواردن

هەستانەوەی دوای **تێکشکان** تین و تاوێکی باشتر لەگەڵ خۆی دێنێ.

**têkşikan :** nûçdan , şikisitxiwardin

hestanewey diway **têkşikan** tînu tawêkî baştir le geḻ xoy dênê.

**تێکەڵ کردن :** ئاوێتە کردن

**تێکەڵ کردنی** کانزاکان پێشکەوتنی گەورەی لە زانستدا تۆمارکرد.

**têkeḻ kirdin :** awête kirdin

**têkeḻ kirdinî** kanzakan pêşkewtinî gewrey le zanistda tomar kird.

**تێگەیشتن :** فامین

**تێگەیشتن** نەفامی هەڵەوەرێنێ.

**têgeyiştin :** famîn

**têgeyiştin** nefamî heḻewerênî.

**جار :** کەڕەت

ساڵانە چەندین **جار** کەسە نزیکەکانی بەسەر دەکاتەوە.

**car :** keȓet

saḻane çendîn **car** kese nizîkekanî beser dekatewe.

**جاروبار :** جارجار ، بەکەمی

**جاروبار** ئاوڕ لە باوکە پەک کەوتەکەی دەداتەوە بەشەرمەوە.

**carûbar :** carcar , bekemî

**carûbar** awiȓ le bawke pek kewtekey dedatewe be şermewe.

**جاڕ :** ڕاگەیاندن

تۆ بڵێی **جاڕی** درووست بوونی دەوڵەتی کوردستان بدرێت.

**caȓ :** ȓageyandin

to biḻêy **caȓî** dirûsit bûnî dewḻetî kurdistan bidrêt.

**جوامێر :** مەردی ئازا ، مرۆڤی بەخشندە

کەسانی **جوامێر** ناودارانی ناو کۆمەڵن.

**ciwamêr :** merdî aza , mirovî bexşinde

kesanî **ciwamêr** nawdaranî naw komeḻin.

**جودا :** جیاواز

پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان **جودا** خوازی نییە لەلایەن کوردەوە ، ماف بە سەپاندنە.

**cuda :** ciyawazî

pêkhênanî dewḻetî kurdistan **cuda**xiwazî niye le layen kurdewe , maf sepandine.

**جووڵە :** بزووتن

کۆکبوونی کۆمەڵانی خەڵک **جووڵەی** پتر دەبەخشێت بە ڕەوتی سەپاندنی مافەکان.

**cûḻe :** bizûtin

kokbûnî komeḻanî xeḻik **cûḻey** pitir debexşêt beȓewtî sepandinî mafekan.

**جووڵێنەر :** بزوێنەر

وزەی ئەتۆم بەهێزترین **جووڵێنەرە.**

**cûḽêner :** bizwêner

wizey etom behêztirîn **cûḽênere.**

**جۆش :** گەرم و گوڕی ، پێکەوە لکاندنی دوو کانزا بە گەرمی

**جۆشدانی** خەباتی نەتەوەیی پێویستی بە ڕابەری کارامەو زانا هەیە.

**coş :** germûguȓ , pêkewe likandinî dû kanza be germî

**coşdanî** xebatî neteweyî pêwîstî be ȓaberî karamew zana heye.

**جەخت :** سووربوون

**جەخت** کردنەوە لە هەل و مەرجە خۆیی و بابەتیەکان دۆزینەوەی کەلێن و کەلەبەرەکانی تێکۆشانە.

**cexit :** sûrbûn

**cexit** kirdinewe le helû merce xoyîw babetiyekan dozînewey kelênû keleberekanî têkoşane.

**جەنگ :** شەڕ

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە **جەنگە** کاولکاریەکان و هەر **جەنگیشە** ڕەوڕەوەی مێژووی بەرەو پێش بردووە لە داهێنانە پێویستەکاندا.

**cenig :** şeȓ

mêjûy mirovayetî piȓe le **cenige** kawilkariyekanû her **cengîşe** ȓewȓewey mêjûy berew pêş birdiwe le dahênane pêwîstekanda.

**جەوهەر :** کاکڵە

**جەوهەر** بڕیار لە ڕوخسار دەدات.

**cewher :** kakl̤e

**cewher** biȓyar le ȓuxsar dedat.

**جێ :** شوێن

پەرتووکخانە **جێی** خوێندنەوەیەو شوێنی کات بە فیڕۆدان نییە.

**cê :** şiwên

pertûkxane **cêy** xiwêndineweyew şiwênî kat be fîȓodan niye.

**جێ بە جێ :** دەسبەجێ، ئەنجامدان

ئەرکی پێ سپێردراو پێویستە لە شوێنی خۆیدا **جێ بە جێ** بکرێت.

**cêbecê :** desbecê , encamdan

erkî pê spêrdiraw pêwîste le şiwênî xoyda **cêbecê** bikrêt.

**جیڕ :** کشانی هەیە

لاستیک **جیڕە** بۆیە ئەکشێت.

**cîȓ :** kişanî heye

lastîk **cîȓe** boye kişanî heye.

**جێگیر :** شوێن خۆگرتوو ، دامەزراو

**جێگیر**بوونی باری کۆمەڵایەتی بە هۆی **جێگیری** باری ئابوورییەوەیە .

**cêgîr :** şiwên xo girtû , damezraw

**cêgîr**bûnî barî komel̤ayetî be hoy **cêgîrî** barî abûriyeweye .

**جێهێڵان :** جێهێشتن

مردن **جێهێڵانی** یەکجارەکییە .

**cêhêḻan :** cêhêştin

mirdin **cêhêḻanî** yekcarekiye .

**جێی خۆی :** لە شوێنی خۆی

بەکارهێنانی وشە لە **جێی خۆی** زمان زانییە .

**cêy xoy :** le şiwênî xoy

bekarhênanî wişe le **cêy xoy** ziman zaniye.

**چارەسەر :** چارەکردن ، دەرەتان

دوای پشکنین **چارەسەر** ئاسانە .

**çareser :** çarekirdin , deretan

diway pişkinîn **çareser** asane .

**چالاک :** چوست

تەندرووست باشی هۆش و جەستە **چالاکی** دەبەخشێتە مرۆڤ .

**çalak :** çusit

tendirûsit başî hoşû ceste **çalakî** debexşête mirov .

**چڵک :** پیسی

برینی بێ چارەسەر **چڵک** دەکات ، دەردە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک برینن .

**çil̥ik :** pîsî

birînî bê çareser **çilik** dekat , derde komel̥ayetiyekanîş wek birînin.

**چاکە :** کردەوەی باش

**چاکە** کردن خویەکی ڕەسەنە .

**çake :** kirdewey baş

**çake** kirdin xûyekî ȓesene .

**چاکەکاری :** هەستان بە چاکە

برەودان بە **چاکەکاری** لە کۆمەڵدا لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەیی و بە بەشداری چالاکانەی دایکان و باوکان کۆمەڵێکی تەندروست دروست دەکرێت .

**çakekarî :** hestan be çake

birewdan be **çakekarî** le komel̥da le ȓêgay sîstemî perwerdeyîw be beşdarî çalakaney daykanû bawkan komel̥êkî tendirûsit dirûsit dekrêt.

**چاوچنۆک :** ڕژد ، چرووک

کەسانی **چاوچنۆک** خۆیان بەدوور دەگرن لە چاکەکاری ناو کۆمەڵگادا .

**çawçinok :** ȓijd , çirûk

kesanî **çawçinok** xoyan bedûr degrin le çakekarî naw komel̥gada.

**چاوەدێری :** ئاگالێبوون

**چاودێری** کۆمەڵایەتی نیشانەی ئاست بەرزی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە .

**çawdêrî :** agalêbûn

**çawdêrî** komeḻayetî nîşaney asit berzî r̂oşnbîrî komeḻgaye.

**چڕ :** خەست

کۆمەڵگا خواستەکانی بۆ دابین کردنی پەروەردەیەکی تەندرووست **چڕ** دەکاتەوە لە دەسەڵات.

**çir̂ :** xesit

komeḻga xiwastekanî bo dabîn kirdinî perwerdeyekî tendrûsit **çir̂** dekatewe le deseḻat.

**چەپەڵ :** پیس

کردەوە **چەپەڵەکانی** تاک کۆمەڵگا دەشێوێنێت و نابووتی دەکات .

**çepeḻ :** pîs

kirdewe **çepeḻe**kanî tak komeḻga deşêwênêtû nabûtî dekat.

**چەرخ :** پێچکە ، ڕۆژگار

مێژووی مرۆڤایەتی بە چەندین **چەرخی** کۆمەڵایەتیدا تێپەڕیوە .

**çerix :** pêçke , r̂ojgar

mêjûy mirovayetî be çendîn **çerixî** komeḻyetîda têper̂îwe.

**چەق :** ناوەند ، وەستان

**چەق** بەستنی دۆخی کورد سەرەنجامی پێ نەهاویشتنە نەتەوەیی بوونیەوەیە.

**çeq :** nawend , westan

**çeq** bestinî doxî kurd serencamî pê nehawîştine neteweyî bûniyeweye.

**چەمین :** خواربوون

لەدەروون ناسی منالْدا ، **چەماندنی** منالْ واتە خستنە ژێر باری پەروەردیی بە ئاراستەی پێگەیاندنی هۆش .

**çemîn :** xiwarbûn

le derûn nasî minaḻda , **çemandinî** minaḻ wate xistine jêr barî perwerdeyî be arastey pêgeyandnî hoş.

**چەنەلێدان :** زۆر بلْێیی

**چەنەلێدان** ڕەوشتی کەسانی نەفامە .

**çenelêdan :** zor bḻêyî

**çenelêdan** řewiştî kesanî nefame .

**چێژ :** تام

**چێژ** لە خواردنە بیبەراوییەکان دەبینم .

**çêj** : tam

**çêj** le xiwardine bîberawiyekan debînim .

**خاو :** نەکوڵاو ، سازنەکراو ، لەسەرەخۆ

خواردنی سەوزییەکان بە **خاوی** و بە پاکی بەکەڵکن بۆ تەندرووستی .

**xaw :** nekuḻaw , saznekraw , leserexo

xiwardinî sewziyekan be **xaw**îw be pakî bekeḻkin bo tendirûstî.

**خراپ :** بێ کەڵک

**خراپ** بەکارهێنانی دەسەڵات پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە .

**xirap :** bêkeļik

**xirap** bekarhênanî deseļat pêşêlkirdinî mafî mirovî lêdekewêtewe.

**خشکە :** لە پەناوە ، بە نهێنی

بە **خشکەیی** دەچێتە پارێزی .

**xişke :** le penawe , be nihênî

be **xişkeyî** deçête parêzî .

**خشڵ :** زێڕو زیو

لە ڕازاندنەوەی بووک دا **خشڵ** جوانی زۆری پێ دەبەخشێت .

**xişiļ :** zêȓû zîw

le ȓazandinewey bûkda **xişiļ** ciwanî zorî pê debexşêt .

**خوار :** لار ، چەوت

**خواری** ئێسکەکانی لوولاق جووڵەی پێیەکان لەبار دەکات .

**xiwar :** lar , çewit

**xiwar**î êskekanî lûlaq cûļey pêyekan lebar dekat.

**خوارەوە :** ژێرەوە

لە زۆربەی تەلارەکاندا نهۆمی **خوارەوە** بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلە .

**xiwarewe :** jêrewe

le zorbey telarekanda nihomî **xiwarewe** bo ȓagirtinî otombîle .

**خوازراو :** ویستراو ، خواستراو

دەقی **خوازراو** لە نووسیندا نەخرێتە کەوانەوە نوسەرەکە بە ڕاستگۆ دانانرێت .

**xiwazraw :** wîstiraw , xiwastiraw

deqî **xiwazraw** le nûsînda nexrête kewanewe nûsereke be ȓasitgo dananrêt.

**خولگە :** هێڵی خولانەوە

هەسارەکان لە **خولگە**ی تایبەت بە خۆیان دەخولێنەوە .

**xulge :** hêḻî xulanewe

hesarekan le **xulge**y taybet be xoyan dexulênewe.

**خولیا :** ئارەزو

**خولیا**ی باش ئەنجامی باش بەدەست دەهێنێ .

**xulya :** arezû

**xulya**y baş encamî baş bedesit dehênê .

**خوو :** ڕەوشت ، نەخۆشی فێ

**خووی** باش ڕەفتاری باش **خووی** خراپ ڕەفتاری خراپ.

**xû :** ȓewişt , nexoşî fê

**xûy** baş ȓeftary baş **xûy** xirap ȓeftary xirap.

**خۆڕا :** لە خۆوە ، لە خۆیەوە

لە **خۆڕا** خۆی بە کۆڕەکەدا کرد بێ بانگ کردن.

**xoȓa :** le xowe , le xoyewe

le **xoȓa** xoy be koȓekeda kirid bê bang kirdin.

**خۆڕاگر :** بە پشوو ، دان بەخۆداگر

بۆ گەیشتن بە ئامانجی هەر کارێک **خۆڕاگر**ی پێویستە .

**xoȓagir :** be pişû , dan bexodagir

bo geyiştin be amancî her karêk **xoȓagir**î pêwîste .

**خۆگر :** سۆسەکار ، گوێ هەڵخەر ، خۆڕاگری

**خۆگر**ی جۆرێکە لە کردەکانی زانیاری سیخوری .

**xogir :** sosekar , giwê heḻxer , xoȓagirî

**xogir**î corêke le kirdekanî zanyarî sîxuȓî .

**خۆشباوەڕ :** ساوێلکە

ڕەمەکی نەخوێندەوار ناوەندێکی **خۆشباوەڕە .**

**xoşbaweȓ :** sawêlke

ȓemekî nexwêndewar nawendêkî **xoşbaweȓ**e.

**خۆپاککردنەوە :** خاوێنکردنەوە

پاکانەی **خۆپاککردنەوە** دەکات لە تاوان .

**xopakkirdinewe : **xawênkirdinewe

pakaney **xopakkirdinewe** dekat le tawan .

**خۆڵێنەدان :** دوورەپەرێزی

بە هۆی کەم زانینەوە **خۆڵێنەدان** بۆتە پیشەی .

**xolênedan :** dûreperêzî

be hoy kem zanînewe **xolênedan** bote pîşey.

**خۆنەویست :** بۆخۆ نەبوون

بەشداری کردن لە کاری خۆبەخشیدا **خۆنەویستییە .**

**xonewîsit :** boxo nebûn

beşdarî kirdin le karî xobexşîda **xonewîst**iye .

**خەوتوو :** نووستوو

تەمەڵەو ڕۆژ چێشتەنگاوەو هێشتا **خەوتووە** .

**xewtû :** nûstû

temeḷew r̂oj çêştengawew hêşta **xewtuwe .**

**خەڵەتاندن :** فریودان

سەروەری یاسا ڕێگری دەکات لە **خەڵەتاندن .**

**xeḷetandin :** firîwdan

serwerî yasa r̂êgirî dekat le **xeḷetandin .**

**خەریک :** دەمی ڕوودان ، سەرقاڵ

**خەریکی** کارەو ناوکە ئەقرتێنێ .

لە خێرایی لێخوڕیندا **خەریک**بوو کارەساتێ بقەومێنێ .

**xerîk :** demî r̂ûdan , serqaļ

**xerîkî** karew nawke eqirtênê .

le xêrayî lêxur̂înda **xerîk**bû karesatê biqewmênê.

**خەست :** چڕ

کوڵاندن ڕێگایەکی تری **خەست**کردنەوەی شلەمەنییە .

**xesit :** çir̂

kuļandin r̂êgayekî tirî **xesit** kirdinewey şilemeniye.

**خەم :** پەژارە

چارەنووسی کورد **خەمێکی** گەورەیە بە کۆڵی تاکی هوشیارو **خەم** خۆری کوردەوە.

**xem :** pejare

çarenûsî kurd **xem**êkî gewreye be koļî takî huşyarû **xem** xorî kurdewe.

**خەملاندن :** قەبلاندن ، نرخ بۆ دانان

بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئامارو یاسا ئابوورییەکان هەڕەمیانە نرخەکەی **ئەخەملاند .**

**xemḻandin :** qebḻandin , nirix bo danan

bê ewey bigeȓêtewe bo amarû yasa abûriyekan heȓemyane nirxekey **exemḻanid .**

**خەیاڵ :** ئەوەی بە مێشکدا تێدەپەڕێت

**خەیاڵ** سەرەتای داهێنانە .

**xeyaḻ :**ewey be mêşikda têdepeȓê

**xeyaḻ** seretay dahênane .

**خۆبەخش :** بێ بەرامبەر

کاری **خۆبەخش** کات و شوێنی دیاریکراوی نییە .

**xobexiş :** bê beramber

karî **xobexiş** katu şiwênî diyarîkirawî niye .

**خێڵەکی :** تیرەگەری

فەرمانڕەوایەتی **خێڵەکی** ڕێگرە لە هەنگاونان بەرەو نەتەوەیی بوون .

**xêḻekî :** tîregerî

fermanȓewayetî **xêḻekî** ȓêgire le hengawnan berew neteweyî bûn.

**دابڕاو :** دوورە پەرێز ، جیاوەبوو ، ترازاو

**دابڕاوی** لە کۆمەڵ کەسایەتی لاواز دەکات .

**dabȓaw :** dûreperêz , ciyawebû , tirazaw

**dabȓawî** le komeḻ kesayetî lawaz dekat .

**دادوەری :** ڕەواداری

دەسەڵاتی **دادوەری** لەسەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیێت کۆمەڵ لە بەختەوەریدا دەبێت.

**dadwerî :** řewadarî

deseḻatî **dadwer** leserûy hemû deseḻatekanewebêt komeḻ le bexteweríêda debêt.

**داخراو :** بەستراو ، پێوەدراو ، کڵۆمکراو

دەرگای **داخراو** بە ژیری دەکرێتەوە .

**daxraw :** bestiraw , pêwediraw , kiḻomkiraw

dergay **daxraw** be jîrî dekrêtewe.

**دارایی :** هەبوون

گرفتی **دارایی** سەرچاوەی هەموو گرفتەکانە .

**darayî :** hebûn

giriftî **darayî** serçawey hemû giriftekane .

**داکەوتن :** کەوتن لە بەرزیەوە

گەر هێزی ڕاکێشان نەبوایە **داکەوتن** ڕووی نەدەدا .

**dakewtin :** kewtin leberziyewe

ger hêzî řakêşan nebwaye **dakewtin** řûy nededa.

**داڕژتن :** درووستکردن لە تێکەڵەی کانزاکان

**داڕژتنی** کانزایی جۆری کانزای نوێ دێنێتە ئاراوە .

**dar̂ijtin :** dirûsitkirdin le têkel̂ey kanzakan

**dar̂ijtinî** kanzayî corî kanzay niwê dênête arawe.

**داڕشتن :** نووسینی پەخشان یا هەر نووسینێک

**داڕشتنی** جوان لە زمان پاراوییەوەیە .

**dar̂iştin :** nûsînî pexşan ya her nûsînîk

**dar̂iştinî** ciwan le ziman parawiyeweye .

**دانا :** زۆرزان ، زانا

کەسی **دانا** خاوەنی هزری داهێنانە .

**dana :** zorzan , zana

kesî **dana** xawenî hizrî dahênane .

**دانپیانان :** ڕاستی وتن ، درکاندن

**دانپیانان** سەرچاوەی چارەسەری کێشەیە .

**danpiyanan** : r̂astî witin , dirkandin

**danpiyanan** serçawey çareserî kêşeye .

**داوای لێبووردن :** پاڕانەوە

**داوای لێبووردن** کردن ڕاهێنانە لەسەر هەڵە نەکردن .

**dawaylêbûrdin :** par̂anewe

**dawaylêbûrdin** kirdin r̂ahênane leser hel̂e nekirdin .

**دامرکاندن :** چەپاندن ، کوژاندنەوە

دوای چەندین کاتژمێر ئاگرکوژێنەوەکان ئاگرەکەیان **دامرکاندەوە .**

**damirkandin :** çebandin , kujandnewe

diway çendîn katjimêr agirkujênewekan agrekeyan **damirkandewe**.

**داوێن پیسی :** بێ ڕەوشتی ، جووت بوونی نایاسایی

**داوێن پیسی** ئەوپەڕی دەرچوونی مرۆڤە لە ڕەوشت و یاسای کۆمەڵایەتی .

**dawên pîsî :** bêȓewiştî , cût bûnî nayasayî

**dawên pîsî** ewpeȓî derçûnî mirove le ȓewiştû yasay komeḻayetî.

**درووست :** ڕاست

وەڵامی **درووست** لە زانستەوە وەربگرە .

**dirûsit :** ȓasit

weḻamî **dirûsit** le zanistewe werbigre .

**درۆ :** وتنی ناڕاست

بەری **درۆ** ئابڕووچوونە .

**diro :** witinî naȓasit

berî **diro** abȓûçûne .

**درۆزن :** کەسی درۆکردوو

کەسی **درۆزن** بێ ڕێزە لە کۆمەڵدا .

**dirozin :** kesî dirokirdû

kesî **dirozin** bê r̂êze le komeḻda .

**درەوشاوە :** بریقەدار

لە شەوی سامالّدا مانگی چواردە لەو پەڕی **درەوشانەوەدایە** .

**direwşawe :** birîqedar

le şewî samaḻda mangî çiwarde lewpeȓî **direwşanewedaye.**

**دڕ :** زبر ، نەترس

**دڕی** بەر لە خلیسکان دەگرێت .

**diȓ :** zibir , netiris

**diȓî** ber le xilîskan degrêt .

**دڕدان :** ڕێگە کردنەوە لە ناو ئاپوورەی خەڵکدا .

بە دەم هاوارکردنەوە **دڕیدا** بە خەڵکی و چووە پێشەوە .

**diȓdan :** r̂êge kirdinewe le naw apûrey xeḻikda

be dem hawar kirdinewe **diȓîda** be xeḻkîw çuwe pêşewe .

**دزی :** بردنی خاوەندارێتی خەڵکی بەبێ ئاگاداری

بەکاربردنی خاوەندارێتی گشتی بە نایاسایی **دزییە .**

**dizî :** brdinî xawendarêtî xeḻkî be bê agadarî

bekarbirdinî xawendarêtî giştî be nayasayî **dizî**ye .

**دزێو :** ناشیرین

گەندەڵی **دزێو**ترین ڕەفتاری مرۆڤە .

**dizêw :** naşîrîn

gendeḻî **dizêw**tirîn ȓeftarî mirove .

**دژ :** پێچەوانە

تاکڕەوی بەکارهێنانی دەسەڵات **دژی** یاسای پێکەوە ژیانی کۆمەڵە .

**dij :** pêçewane

takȓewî bekarhênanî deseḻat **dijî** yasay pêkewe jiyanî komeḻe .

**دژایەتی :** بەرهەڵستی

**دژایەتی** کردنی هزری نەتەوەیی ماکی بیری خێڵەکی و بەرژەوەندییەکانییەتی .

**dijayetî :** berheḻistî

**dijayetî** kirdinî hizrî neteweyî makî bîrî xêḻekîw berjewendiyekaniyetî.

**دژوار :** سەخت

زانست نەوەستاوە لە کەم کردنەوەی **دژوار**ییەکانی ژیان .

**dijwar :** sexit

zanist newestawe le kem kirdinewey **dijwar**iyekanî jiyan .

**دڵشکاو :** ڕەنجاو

بردی بۆ بازاڕ و بە **دڵشکاو**ی گەڕایەوە .

**di̮lşikaw :** r̂encaw

birdî bo bazar̂û be **di̮lşikaw**î ger̂ayewe .

**دڵڕەق :** بێ بەزەیی

**دڵڕەقی** نەفامییە هزری چەوسێنەرانە .

**di̮lr̂eq :** bê bezeyî

**di̮lr̂eq**î nefamiye hizrî çewsênerane .

**دڵنیا :** بێخەم

خوێندکاری ژیر **دڵنیا**یە سەرکەوتوو دەبێت لە خوێندندا .

**di̮lniya :** bêxem

xowêndkarî jîr **di̮lniya**ye serkewtû debêt le xiwêndinda .

**دڵسۆز :** خەمخۆر

کارمەندی **دڵسۆز** کات بە فیڕۆ ناداتو ئاگای لە چۆنایەتی کارەکەیەتی .

**di̮lsoz :** xemxor

karmendî **di̮lsoz** kat be fîr̂o nadatû agay le çonayetî karekeyetî.

**دەربڕین :** وتن

**دەربڕینی** درووست نیشانەی هوشیاری و بەخەمەوەهاتنە .

**derbir̂în :** witin

**derbir̂înî** dirûsit nîşaney huşyarîw bexemewe hatine .

**دەرخستن :** ئاشکراکردن

**دەرخستنی** خەوش و گەندەڵی مایەی یاسا سەروەرییە .

**derxistin :** aşkirakirdin

**derxistin**î xewşû gendeļî mayey yasa serweriye .

**دەرکەوتن :** ئاشکرا بوون

لە دوورڕا **دەرکەوتن** پۆلی بێرییان بە لەنجەو بالۆرە لێدان .

**derkewtin :** aşkirabûn

le dûr ȓa **derkewtin** polî bêriyan be lencew balore lêdan .

**دەرچە :** دەرگا ، کونی لێچوون

لە تەلارە گەورەکاندا زۆریی **دەرچەکانی** چوونە دەرەوە زیانە گیانییەکان کەم دەکاتەوە.

**derçe :** derga , kunî lêçûn

le telare gewrekanda zorî derçekanî çûne derewe ziyane giyaniyekan kem dekatewe .

**دەستەمۆ :** هۆگر

پشیلەکەم **دەستەمۆ**یە بۆیە ئەوەندە خۆی تێم هەڵدەسوێ .

**destemo :** hogir

pişîlekem **destemo**ye boye ewende xoy têm heļdesiwê .

**دەستدرێژکار :** ستەمکار

**دەستدرێژکار** ڕیسوایی بۆ خۆی تۆمار دەکات .

**desitdirêjkar :** sitemkar

**desitdirêjkar** rîswayî bo xoy tomar dekat .

**دەست پێشخەری :** ڕاپەرموون

خۆی گەیاندە شوێنی مەبەست بە**دەست پێشخەری** لە ئەنجامدانی کارەکانیدا نەک خۆ بردنە پێشەوە .

**desit pêşxerî :** řapermûn

xoy geyande şiwênî mebest be **desitpêşxerî** le encamdanî karekanîda nek be xo birdine pêşewe .

**دەگمەن :** نایاب

ئاقیق یەکێکە لە بەردە **دەگمەنەکان .**

**degmen :** nayab

aqîq yekêke le berde **degmen**ekan .

**دەمەوەر :** زۆر بڵێ

**دەمەوەر**ی خوویەکی خراپە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ .

**demewer :** zor bḻêyî

**demewer**î xûyekî xirape bo her dû řegezî nêrû mê .

**دەمەقاڵ :** شەڕە قسە

**دەمەقاڵێ** ئەوپەڕی کاڵ فامییە .

**demeqaḻ :** şeře qise

**demeqaḻ**ê ewpeřî kaḻfamiye .

**دەمێکە :** لە مێژە

**دەمێکە** وتراوە کورد بوون بڕبڕاگەی سەرکەوتنە .

**demêke :** le mêje

**demêke** witrawe kurd bûn biȓbiȓagey serkewtine .

**دۆخ :** بار ، هەلومەرج

**دۆخی** پەراگەندەیی هەر هێزێک ئەنجامەکەی شکست هێنانە .

**dox :** bar , helûmeric

**doxî** peragendeyî her hêzêk encamekey şikist hênane.

**دواخستن :** ڕاگرتن ، وەستاندن

**دواخستنی** کار بە فیڕۆدانی کاتە .

**diwaxistin :** ȓagirtin , westandin

**diwaxistinî** kar be fîȓodanî kate .

**دوژمنانە :** ڕکابەرانە

مرۆڤایەتی بە هەڵس و کەوتی **دوژمنانەی** ناوخۆی یەکتری چەندین کۆمەڵ کوژی ئەنجامداوە.

**dujminane :** ȓikaberane

mirovayetî be heḻsû kewtî **dujminane**y nawxoy yektirî çendîn komeḻ kujî encamdawe .

**دۆند :** لوتکە

بە درێژایی ساڵ **دۆندی** قەندیل تارای زیوینی پۆشیوە.

**dond :** lutke

be dirêjayî sal̥ **dondî** qendîl taray zîwînî poşîwe .

**دۆزەرەوە :** کەسێ لە نوێ شتێک ئەدۆزێتەوە

کۆلۆمبس **دۆزەرەوەی** ئەمەریکایە .

**dozerewe :** kesê le niwê şitêk edozêtewe

kolombis **dozerewey** emerîkaye .

**دیاردە :** دەرکەوتە

شەبەنگە ڕەنگینەکانی جەمسەری باکوور **دیاردەیەکی** سرووشتی جوانە.

**diyarde :** derkewte

şebenge řengînekanî cemserî bakûr **diyarde**yekî sirûştî ciwane.

**ڕادەبەدەر :** زۆرتر لە پێویست

لە **ڕادەبەدەر** ئاهەنگەکە ڕازاوەو جوان بوو .

**řadebeder :** zortir

le **řadebeder** ahengeke řazawew ciwan bû .

**ڕازاوە :** جوان

زۆربەی کۆشک و تەلارەکان بە ماندوو بوونی چەوساوەکان **ڕازاوەتەوە .**

**řazawe :** ciwan

zorbey koşkû telarekan be mandû bûnî çewsawekan **řazawetewe.**

**ڕاستکردنەوە :** نەهێشتنی چەوتی

**ڕاستکردنەوەی** هەڵەکان نابێ کاردانەوەی دەروونی لێبەکەوێتەوە .

**r̂astkirdinewe :** neheştinî çewtî

**r̂astkirdinewe**y heļekan nabê kardanewey derûnî lêbikewêtewe.

**ڕاستگۆیی :** وتنی درووست

**ڕاستگۆیی** دادی کۆمەڵایەتی باڵا دەست دەکات .

**r̂astgoyî :** witinî dirûst

**r̂astgoyî** dadî komeļayetî baļa dest dekat .

**ڕاگەیاندن :** بڵاوکردنەوە

**ڕاگەیاندنی** سەربەخۆ ڕاستییەکان باشتر ئەگەیەننە کۆمەڵ .

**r̂ageyandin :** biļawkirdinewe

**r̂ageyandin**î serbexo r̂astiyekan baştir egeyenine komeļ .

**ڕاهێنان :** مەشق کردن

**ڕاهێنان** مەرجە بۆ کارامەیی لە جێ بە جێ کردنی ئەرکدا .

**r̂ahênan :** meşiq kirdin

**r̂ahênan** merce bo karameyî le cê be cê kirdinî erikda.

**ڕژد :** پیسکە ، هەورازێکی کووڕو سەخت ، گەورەبوون

کوڕەکەیان **ڕژدی** کردووەو لەخەم ڕەخسییوە .

**r̂ijid :** pîske , hewrazêkî kûr̂û sexit , gewrebûn

kur̂ekeyan **r̂ijd**î kirdiwew lexem r̂exsîwe .

**ڕژان :** سەر ڕێژبوون

کەی کورد ئەگاتە ئەو بڕوایەی **ڕژانی** خوێنی یەکتری تاوانی نەتەوەییە .

**r̂ijan :** ser r̂êjbûn

key kurd egate ew bir̂wayey **r̂ijan**î xiwênî yektirî tawanî neteweyiye.

**ڕقن :** کینە هەڵگر

**ڕقنی** نەخۆشییەکی دەروونییە.

**r̂iqin :** kîne heḽgir

**r̂iqin**î nexoşiyekî derûniye .

**ڕواڵەت :** ڕووکەش

کاتێ **ڕواڵەت** ڕەنگدانەوەی ناخبێت مرۆڤە ڕاستەکە خۆی دەنوێنێ .

**r̂iwaḽet :** r̂ûkeş

katê **r̂iwaḽet** r̂engdanewey naxbêt mirove r̂asteke xoy denwênê .

**ڕوخسار :** ڕوو

لە **ڕوخسارە** جوانەکەیدا دەرەکەوێت ڕێک و پێکە .

**r̂uxsar :** r̂û

le **r̂uxsar**e ciwanekeyda derekewêt r̂êkû pêke .

**ڕووداو :** بەسەرهات

**ڕووداوەکانی** کوردستان تا ئێستاش نەبوونەتە هۆی بە ئاگاهاتنی هزری نەتەوەیی .

**rûdaw :** beserhat

**rûdaw**ekanî kurdistan ta êstaş nebûnete hoy be agahatinî hizrî neteweyî .

**ڕووشاندن :** ناشیرین کردن

لە کاری ڕامیاریدا **ڕووشاندن** ڕێگایەکی دزێوە بۆ کەم کردنەوەی کەسایەتی .

**rûşandin :** naşîrîn kirdin

lekarî ramyarîda **rûşandin** rêgayekî dizêwe bo kem kirdinewey kesayetî.

**ڕوون :** بێ خەوش ، بێگەرد

ئەوەندە **ڕوونە** دەڵێی چاوی قرژاڵە .

**rûn :** bê xewiş , bê gerid

ewende **rûne** deḻêy çawî qirjaḻe .

**ڕوونکردنەوە :** دەرخستنی نەزانراوەکان

چارەسەری هەر کێشەیەک پەیوەستە بە **ڕوونکردنەوەی** هەمە لایەنەی کێشەکە .

**rûnkirdinewe :** derxistinî nezanrawekan

çareserî her kêşeyek peyweste be **rûnkirdinewe**y hemelayeney kêşeke.

**ڕۆژانە :** هەموو ڕۆژێک ، کرێی کار

کارکردنی کاری **ڕۆژانە** مەرجە **ڕۆژانەی** دیاری کراوی هەبێت .

**r̂ojane :** hemû r̂ojêk , krêy kar

karkirdinî karî **r̂ojane** merce **r̂ojaney** diyarî kirawî hebêt .

**ڕۆشن :** ڕووناک

بیروباوەڕ **ڕۆشنکەرەوەی** ڕێگای ژیانە .

**r̂oşin :** r̂ûnak

bîrubawer̂ **r̂oşin**kerewey r̂êgay jiyane .

**ڕۆشنبیر :** تێگەیشتوو

**ڕۆشنبیران** کاریگەرترین توێژی کۆمەڵایەتین .

**r̂oşinbîr :** têgeyiştû

**r̂oşinbîr**an karêgertirîn tiwêjî komeḽayetîn .

**ڕەخنە :** سەرکۆنە

**ڕەخنە**گران بەشداری کاریگەریان هەیە لە ئاشکرا کردنی هەڵەکان .

**r̂exne :** serkone

**r̂exne**giran beşdarî karîgeryan heye le aşkira kirdinî heḽekan .

**ڕەچەڵەک :** باووباپیران ، ڕەسەن

مێژوونووسان پڕاندوویانەتەوە کە کورد لە **ڕەچەڵەکی** مادە .

**r̂eçeḻek :** baûbapîran , r̂esen

mêjûnûsan bir̂andûyanetewe ke kurd le **r̂eçeḻekî** made .

**ڕەسەن :** لەیەک بنەچە ، یەک بنە تۆو

گەنمی قەندەهاری لە **ڕەسەنی** گەنمی ناوچەی قەندەهاری ئەفگانستانە .

**r̂esen :** le yek bineçe , yek bine tow

genimî qendeharî le **r̂esenî** genimî nawçey qendeharî efganistane .

**ڕەشبینی :** بێ ئومێدی ، بێ هیوایی

**ڕەشبینی** کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر هۆشی مرۆڤ .

**r̂eşbînî :** bê umêdî , bê hîwayî

**r̂eşbînî** karîgerî nerênî dekate ser hoşî mirov .

**ڕەفتار :** هەڵسو کەوت

**ڕەفتاری** چاکی ڕۆژانە مرۆڤ بەرەو دەرکەوتن دەبات .

**r̂eftar :** heḻsû kewit

**r̂eftar**î çakî r̂ojane mirov berew derkewtin debat .

**ڕەقی :** سەختی ، وشکی

هەڵس و کەوتی **ڕەقی** دایک و باوک مناڵ ئەخاتە دۆخی دەروونی خراپەوەو فێری توندو تیژی دەکات .

**îreqî :** sextî , wişkî

heḽsû kewtî **îreqî** daykû bawik minaḽ exate doxî derûnî xirapewew fêrî tundû tîjî dekat .

**ڕەوا :** هەق

لە کوێی ئەم جیهانەدا مافی **ڕەوا**ی سەربەخۆیی بۆ کورد بدۆزرێتەوە ئەگەر خۆی بە خۆی **ڕەوا** نەبینێ .

**îrewa :** heq

le kiwêy em cihaneda mafî **îrewa**y serbexoyî bo kurd bidozrêtewe eger xoy be xoy **îrewa** nebînê .

**ڕەوشت :** ئاکار

خێزان و دەوروبەر هەردووک کاریگەری لەسەر خوو **ڕەوشت** دادەنێت .

**îrewişt :** akar

xêzanû dewrûber herdûk karîgerî leser xûw **îrewişt** dadenêt .

**ڕەنجدەر :** ڕەنجبەر ، کارگەر

**ڕەنجدەران** هەژارترین چینی کۆمەڵن لەسەر دەستیان بازاڕەکان پڕ دەبن لە بەرهەم .

**îrenicderan :** îrenicber , karger

**îrenicderan** hejartirîn çînî komeḽin leser destiyan bazaîrekan piî debin le berhem**.**

**ڕەوانبێژی :** قسەڕەوان

خوێندنەوە مەرجی بنەڕەتی **ڕەوانبێژییە** .

**r̂ewanbêjî :** qiser̂ewan

xiwêndinewe mercî biner̂etî **r̂ewanbêjiye**.

**ڕەها :** تەواو

وڵاتداری مافی **ڕەهای** نەتەوەی کوردە .

**r̂eha :** tewaw

wil̂atdarî mafî **r̂ehay** netewey kurde.

**ڕیاکار :** مێچکەکار

**ڕیاکاری** کردەوەی مرۆڤی گەندەڵە .

**r̂iyakar :** mêçkekar

**r̂iyakarî** kirdewey mirovî gendel̂e .

**ڕێبوار :** کەسێک بەشوێنێکدا تێپەڕێ

بە **ڕێبواری** چوومە گوندی نەهری .

**r̂êbwar :** kesêk be şiwênêkda têper̂ê

be **r̂êbwarî** çûme gundî nehrî .

**ڕێزنان :** ڕێزلێگرتن

**ڕێزنان** لە بەرامبەرت **ڕێزنانە** لە خۆ .

**r̂êznan :** r̂êzlêgirtin

**r̂êznan** le beramberit **r̂êznane** le xo.

**ڕێژە :** پرشت

گەنمی ئەمساڵمان **ڕێژەیەکی** باشی پڕیوە .

**rêje :** biŕişit

genimî emsaļman **rêjeyekî** başî biŕîwe.

**ڕیسوا :** ناوزڕاو

خۆفرۆشان **ڕیسواترین** مرۆڤی کۆمەڵن .

**rîswa :** nawziŕaw

xofiroşan **rîswatirîn** mrovî komeļin .

**ڕیشەکێش :** بنەبڕکردن ، لەڕەگ دەرهێنان

پێویستە کورد گیانی خۆفرۆشی **ڕیشەکێش** بکات تا کورد بوون لە ناخی تاکی کورددا بچەسپێنێ .

**rîşekêş :** binebiŕ kirdin , le ŕeg derhênan

pêwîste kurd giyanî xofiroşî **rîşekêş** bikat ta kurd bûn le naxî takî kurd da biçespênê .

**ڕێکەوت :** هەڵکەوت ، بێ مەبەست ، بێ نیاز

پێویست و **ڕێکەوت** دوو چەمکی فەلسەفین .

**rêkewit :** heļkewit , bê mebesit , bê niyaz

pêwîsitû **rêkewit** dû çemkî felsefîn .

**ڕێک کەوتن :** پەیمان بەستن

**ڕێک کەوتنە** بازرگانییەکان لەسەر بنچینەی دان و وەرگرتن و سوودی هەردووک لا دەبەسترێت .

**rêk kewtin :** peyman bestin

**rêk kewtine** bazrganiyekan leser binçîney danû wergirtinû sûdî her dûk la debestirêt.

**ڕێگادان :** کردنەوەی ڕێگا ، هێلان

لە تێپەڕینی سنوورەکاندا **ڕێگادان** بەپێی ڕێکەوتنی سنوورییە .

**rêgadan :** kirdinewey rêga , hêlan

le têperînî sinûrekanda **rêgadan** be pêy rêkewtinî sinûriye.

**ڕەگەز :** بۆ نێرو مێ بەکار دێت

زۆرجار بە هەڵە وشەی **ڕەگەز** بۆ ڕەچەڵەک بە کار هاتووە .

**regez :** bo nêrû mê bekar dêt

zor car be heḻe wişey **regez** bo reçeḻek bekar hatiwe .

**ڕسکان :** ڕەسین ، پێگەیین

سێ ئاو کردنی نەمامی چاندراو مەرجە بۆ **ڕسکانی .**

**riskan :** resîn , pêgeyîn

sê aw kirdinî nemamî çandiraw merce bo **riskanî .**

**زاخاو :** لووس و تیژکردنی خەنجەر ، هوشیاری مێشک

خوێندنەوەی پەرتووک **زاخاوە** بۆ مێشک و پاراوی زمان .

**zaxaw :** lûsû tîj kirdinî xencer , huşyarî mêşik

xiwêndinewey pertûk **zaxawe** bo mêşikû parawî ziman .

**زانا :** دانا

**زانایی** داناییە و بەرهەمی بیرکردنەوەو تێڕامانە .

**zana :** dana

**zanayî** danayiyew berhemî bîrkirdinewew têřamane .

**زانراو :** پەی پێ براو

ڕازە **زانراوەکانی** گەردوون ئاکامی تێڕامانی زانستیانەی زاناکانە .

**zanraw :** pey pê biraw

řaze **zanrawekanî** gerdûn akamî têřamanî zanistiyaney zanakane .

**زاوو زێ :** نەوە نانەوە ، هێنانی نەوزاد

**زاوو زێیە** درێژەی داوە بە هێشتنەوەی ژیان .

**zawû zê :** newe nanewe , hênanî newzad

**zawû zêye** dirêjey dawe be hêştinewey jiyan .

**زمانزان :** پاراو لە زمان ، زانینی زۆر زمان

**زمانزانی** ئاستی بیرکردنەوەو ژیری بەرەو پێش دەبات .

**zimanzan :** paraw le ziman , zanînî zor ziman

**zimanzanî** astî bîrkirdinewew jîrî berew pêş debat .

**زبر :** دڕ

زمان **زبری** لە هۆشمەندان ناوەشێتەوە .

**zibir :** diȓ

ziman **zibrî** le hoşmendan naweşêtewe .

**زۆربڵێ :** چەنەباز

**زۆربڵێیی** خوویەکی ناپەسندە .

**zorbiḻê :** çenebaz

**zorbiḻêyî** xûyekî napesinde .

**زۆرزان :** ژیر

لە کێبڕکێی وەڵامدانەوەی پرسیاردا نرخی **زۆرزانی** دەرەکەوێ .

**zorzan :** jîr

le kêbiȓkêy weḻamdanewey pirsiyarda nirxî **zorzanî** derekewê .

**زۆرەملێ :** بەزۆر

نەتەوە سەردەستەکان **زۆرەملێیانە** خۆیان سەپاندووە بەسەر کەمە نەتەوەکاندا .

**zoremilê :** bezor

netewe serdestekan **zoremlêyane** xoyan sepandiwe beser keme netewekanda .

**زنجیرە :** لەدوای یەک

دراما **زنجیرەییەکان** خۆشن بۆ کات بەسەر بردن .

**zincîre :** le diway yek

dirama **zincîre**yiyekan xoşin bo kat beser birdin .

**زیان بەخش :** زەدەهێنەر ، خراپ

زۆر بەکارهێنانی ئایپاد لە لایەن منداڵەوە **زیان بەخشەو** دووری دەخاتەوە لە خوێندن گەر جێگای پەرتووکی نەگرتبێتەوە.

**ziyan bexiş :** zedehêner , xirap

zor bekarhênanî aypad le layen mindaḻewe **ziyan baxşew** dûrî dexatewe le xiwêndin ger cêgay pertûkî negirtibêtewe.

**زیرەک :** ژیر

خوێندکاری **زیرەک** گوێگری چاکە لە پۆلدا .

**zîrek :** jîr

xiwêndkarî **zîrek** giwêgirî çake le polda .

**ژاکان :** چرچ بوون

شنە بای شەماڵ **ژاکانی** قژی کاڵی .

**jakan :** çirçûloç

şine bay şemaḻ **jakanî** qijî kaḻî .

**ژاوەژاو :** دەنگەدەنگ

گەر دەتەوێ لە **ژاوەژاو** دوورکەویتەوە مەچۆرە بازاڕ .

**jawejaw :** denigedenig

ger detewê le **jawejaw** dûrkewîtewe meçore bazař .

**ژان :** ئازاری ناوەوە ، ئێش

**ژانی** منداڵ بوون پڕ ئازارترینە بۆ ژن .

**jan :** azarî nawewe , êş

**janî** mindaļ bûn piȓ azartirîne bo jin .

**ژیان :** زیندوویەتی

**ژیان** بەسەر بردنی کاتی نێوان لە دایک بوون و مردنە .

**jiyan :** zîndûyetî

**jiyan** beser birdinî katî nêwan le dayik bûnu mirdine .

**ژین :** مان

**ژین** کارکردن دەخوازێت .

**jîn :** man

**jîn** karkrdin dexwazêt .

**ژیر :** زیرەک ، بلیمەت

**ژیر**ی داهێنان نییە بەڵکوو خۆرسکیە لە سرووشتی مرۆڤدایە .

**jîr :** zîrek , bilîmet

**jîr**î dahênan niye beļkû xoȓiskiye le sirûştî mirovdaye .

**ژێر :** بن ، بنەوە

**ژێر**خانی کۆمەڵ پریاردەری سەرخانی کۆمەڵە لە سەقامگیری و لەقوو لۆقیدا.

**jêr :** bin , binewe

**jêr**xanî komeḻ biȓyarderî serxanî komeḻe le seqamgîrîw leqû loqîda.

**ساده :** ساکار

تا نووسینی ئەم ڕستەیەش کورد بە گشتی خاوەنی **سادە**ترین مافەکانی نەتەوەیی نییە.

**sade :** sakar

ta nûsînî em ȓisteyeş kurd be giştî xawenî **sade**tirîn mafekanî neteweyî niye .

**ساخته :** درۆ

مل کەچ نەبوانی یاسا لە **ساختە** کارییەوە نزیک ترن .

**saxte :** diro

mil keç nebwanî yasa le **saxte** kariyewe nizîk tirin .

**ساز :** ئامادە ، ڕێک ، ئامێری ئاواز ، ئاواز

ئافرەتانی ماڵ بە تام و چێژترین خواردن **ساز** دەکەن .

**saz :** amade , ȓêk , amêrî awaz , awaz

afretanî maḻ be tamu çêjtirîn xiwardin **saz** deken .

**سازان :** ڕێکەوتن ، گونجان

**سازانی** نێوان لایەنانی ڕامیاری بە ئەمە بۆ من ئەوە بۆ تۆ تەواو دەبێت و دوورە لە دادی کۆمەڵایەتی.

**sazan :** r̂êkewtin , guncan

**sazan**î nêwan layenanî r̂amyarî be eme bo min ewe bo to tewaw debêtû dûre le dadî komeḻayetî.

**سازگار :** خۆش ، فێنک

زۆزانی قەندیل کەشێکی زۆر **سازگاری** هەیە لە هاویندا .

**sazgar :** xoş , fênik

zozanî qendîl keşêkî zor **sazgar**î heye le hawînda .

**ساوێلکە :** گێل

**ساوێلکە**کانن درێژە بە ژیانی ستەمکاران دەدەن .

**sawêlke :** gêl

**sawêlke**kanin dirêje be jiyanî sitemkaran deden .

**سپاردن :** پێدان

**سپاردنی** مافەکانی واژوو ئەرکی شاند ئاسانترو کات بەفیڕۆدان کەمتر دەکات .

**sipardin :** pêdan

**sipardin**î mafekanî wajû erkî şand asantirû kat be fîr̂odan kemtir dekat .

**ستایش :** پیاهەڵدان

**ستایش** کارانن دیکتاتۆرەکان درووست دەکەن .

**sitayiş :** piyaheḻdan

**sitayiş** karanin dîktatorekan dirûsit deken .

**ستەم :** ناهەقی ، جەور ، زۆر ، چەوساندنەوە

**ستەم** خوو و کردەوەی ستەمکارەو دژی دادی کۆمەڵایەتییە .

**sitem :** naheqî , cewir , zor , çewsandinewe

**sitem** xûw kirdewey sitemkarew dijî dadî komeḻayetiye .

**ستەمکار :** زۆردار

**ستەمکاران** لەسەر ڕەنج و چەوساندنەوەی کارگەران دارایی کۆدەکەنەوە .

**sitemkar :** zordar

**sitemkar**an leser îencu çewsandinewey kargeran darayî kodekenewe .

**سڕ :** تەزیو ، مت

هەندێک لە گیانداران لە وەرزی زستاندا **سڕ** دەبن .

**sir̂ :** tezîw , mit

hendêk le giyandaran le werzî zistanda **sir̂** debin .

**سست :** خاوو خلیچک ، تەمەڵ

کەم خەوی بیروو هۆش و جەستەی مرۆڤ **سست** دەکات .

**sist :** xawû xilîçik , temeḻ

kem xewî bîrû hoşû cestey mirov **sist** dekat .

**سەخت :** ڕەق ، توند ، لاسار

**سەختی** ژیان مرۆڤ قاڵ دەکاتەوەو شارەزایی لا کەڵەکە دەکات .

**sexit :** r̂eq , tund , lasar

**sextî** jiyan mirov qal̂dekatewew şarezayî la kel̂eke dekat .

**سەرپێیی :** پەلە ، بەڕێ کردن

هەر کارێکی **سەرپێیی** نا وردەکارە .

**serpêyî :** pele , ber̂êkirdin

her karêkî **serpêyî** na wirde kare .

**سەرڕاست :** بێ گزی و فزی

پەروەردەی درووست مرۆڤی **سەر ڕاست** بە ڕێژەیەکی باش درووست دەکات .

**ser̂asit :** bê gizîw fizî

perwerdey dirûsit mirovî **ser r̂asit** be r̂êjeyekî baş dirûsit dekat .

**سەرسام :** واق وڕماو

بە گەورەیی نەهەنگ **سەرسام** بووم .

**sersam :** waq wir̂maw

be gewreyî neheng **sersam** bûm .

**سەرسەخت :** چاوقایم ، مێشک وشک

جەنگاوەران لە ڕووبەڕووبوونەوەدا پێویستە **سەرسەخت** بن .

**sersexit :** çawqayim , mêşik wişik

cengaweran le r̂ûber̂ûbûneweda pêwîste **sersexit** bin.

**سەرشۆڕ :** شەرمەزار

درۆزن و گەندەڵ **سەرشۆڕ**یان بۆ دەمێنێتەوە .

**serşor̂ :** şermezar

dirozinû gendeḻ **serşor̂**iyan bo demênêtewe .

**سەرقاڵ :** خەریک

خوێندکار نابێت خۆی **سەرقاڵی** کاری لابەلا بکات .

**serqaḻ :** xerîk

xiwênidkar nabêt xoy **serqaḻî** karî labela bikat .

**سەرەخۆ** : هێدی

بە **سەرەخۆ** ئاژووتنی ئۆتۆمبیل زیانەکان کەمتر دەبێتەوە .

**serexo :** hêdî

be **serexo** ajûtinî otombîl ziyanekan kemtir debêtewe .

**سەلار :** ڕێک و پێک ، هێمن

**سەلار**ی لە هەڵسوو کەوتدا ئەنجامی پەروەردەی باشە .

**selar :** r̂êkû pêk , hêmin

**selar**î le heḻsû kewitda encamî perwerdey başe .

**سەلماندن :** چەسپاندن

**سەلماندنی** هەر تیوورییەک پێویستی بە کۆکردنەوەی بەڵگەی زانستییە .

**selmandin :** çespandin

**selmandinî** her tiyûriyek pêwîstî be kokirdinewey beḽgey zanstiye.

**سەرکێش :** لاسار

زۆر جار **سەرکێشی** زیانی گیانی لێکەوتۆتەوە .

**serkêş :** lasar

zor car **serkêşî** zyanî giyanî lêkewtotewe .

**سەرگەردان :** ئاوارە

شەڕوو شۆڕ دانیشتوانی ناوچەی شەڕگە تووشی **سەرگەردانی** دەکات .

**sergerdan :** aware

şeȓû şoȓ danîştiwanî nawçey şeȓge tûşî **sergerdanî** dekat .

**سەرگوزشتە :** گێڕانەوەی ڕابووردوو

مێژووی نووسراو لە **سەرگوزشتە**کانەوە نووسراوەتەوە .

**serguzişte :** gêȓanewey ȓabûrdû

mîjûy nûsraw le **serguzişte**kanewe nûsrawetewe .

**سەیر :** سەمەرە

ژیان پڕە لە ڕووداوی **سەیر** .

**seyir :** semere

jiyan piȓe le ȓûdawî **seyir** .

**سواو :** زۆر وتراو ، پۆکاو ، خراپ بوو

ئەوەندە وتراوەتەوە **سواوە .**

بەکار بردنی زۆر ئەبێتە هۆی **سوان .**

**siwaw :** zor witraw , pûkaw , xirap bû

ewende witrawe **siwawe .**

bekar birdinî zor ebête hoy **siwan .**

**سوود :** کەڵک

کۆمەڵگا بە باشی **سوود** وەردەگرێت لە داهاتی سەرچاوە ژێر زەمینییەکان گەر بە پێی خاوەندارێتی گشتی لێی بڕوانرێت .

**sûd :** keḻik

komeḻga be başî **sûd** werdegrêt le dahatî serçawe jêr zemîniyekan ger be pêy xawendarêtî giştî lêy biȓwanrêt .

**سووک :** کێشی کەم ، بێ ڕێز

بێ ڕەوشتی مرۆڤ **سووک** دەکات .

**sûk :** kêşî kem , bê ȓêz

bê ȓewiştî mirov **sûk** dekat.

**سووتێنەر :** وەک ئاگر بسووتینێت

مادده ترشەکان **سووتێنەرن .**

**sûtêner :** wek agir bisûtênêt

madde tirşekan **sûtênerin .**

**سۆز :** خۆشەویستی ، ڕێز

ئالوودە بوون بە ئامێرە پەیوەندییەکان **سۆزە** کۆمەڵایەتییەکان کەم دەکاتەوە .

**soz :** xoşewîstî , r̂êz

alûde bûn be amêre peywediyekan **soze** komeḽayetiyekan kem dekatewe .

**سنوور :** هێڵی نێوان دوو وڵات ، کۆتایی ، هێڵ

تێپەڕاندنی **سنووری** یاری کردن لە لایەن منداڵەوە گوێ ڕایەڵی و ڕێک و پێکی ژیانی لا کەم دەکاتەوە .

**sinûr :** hêḽî nêwan dû wiḽat , kotayî , hêḽ

têper̂andinî **sinûrî** yarî kirdin le layen minaḽewe giwêr̂ayeḽîw r̂êkû pêkî jiyanî la kem dekatewe.

**شاراوە :** پەنهان ، نادیار

ڕازە **شاراوە**کانی گەردوون لە بن نایات .

**şarawe :** penhan , nadyar

r̂aze **şarawe**kanî gerdûn le bin nayat.

**شارەزا :** ئەزمووندار

**شارەزا**یانی بوارە جیا جیاکان کەسانی بایەخدار و گرنگن .

**şareza :** ezmûndar

**şareza**yanî biware ciya ciyakan kesanî bayexdarû giringin .

**شانازی :** خۆڕادان

شڕە خۆران **شانازی** بە ئازایەتییانەوە دەکەن کە نەیان نواندووە .

**şanazî :** xoȓadan

şiȓexoran **şanazî** be azayetiyanewe deken ke neyan niwandiwe .

**شایستە :** ئەهێنێ

جوامێرانی سەنگەری پێشەوەی بەرخودان **شایستەی** خەڵاتی نەتەوەن .

**şayiste :** ehênê

ciwamêranî sengerî pêşewey berxudan **şayistey** xeḻatî neteweyîn.

**شکان :** لەتبوون ، بەزین ، نووچدان

**شکانی** لەشکرەکان ئاساییە ڕووبدەن بەڵام خاوەن ستراتیج و تاکتیکە سەربازییەکان کەمتر**دەشکێن .**

**şikan :** letbûn , bezîn , nûçdan

**şikan**î leşkirekan asayiye ȓûbiden beḻam xawen sitratîjû taktêkeke serbaziyekan kemtir deşkên .

**شکست :** بەزین ، نووچ

ئەوانەی پشتیان بە دەرەکی بەستووە بەشیان هەر **شکست** خواردن بووە .

**şikist :** bezîn , nûç

ewaney piştiyan be derekî bestiwe beşyan her **şikist** xiwardin biwe .

**شل :** سست ، پێچەوانەی ڕەق

گوریسی **شل** و شاو زوو دەپچڕێ .

**şil :** sisit , pêçewaney r̂eq

gurîsî **şil**û şaw zû depiçr̂ê .

**شوێنەوار :** پاشماوە

**شوێنەوارە** مێژووییەکانی کوردستان بەڵگەی بەرجەستەیین بۆ بوونی کورد لە شوێنی ئێستای .

**şiwênewar :** paşmawe

**şiwêneware** mêjûiyekanî kurdistan beḻgey bercesteyîn bo bûnî kurd le şiwênî êstay .

**شڵەژان :** شێوان

کۆمەڵ ئەکەوێتە باری **شڵەژانەوە** گەر یاسا سەروەر نەبێت .

**şiḻejan :** şêwan

komeḻ ekewête barî **şiḻejanewe** ger yasa serwer nebêt .

**شەپۆل :** لەرە

**شەپۆلەکان** سەرچاوەی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و ناردنە بێ تەلییەکانە کە بەچاو نابینرێن .

**şepol :** lere

**şepol**ekan serçawey geyandinî dengû r̂engû nardine bê teliyekane ke be çaw nabînrên .

**شەرم :** نەنگی

هەندیک جار **شەرم** بە هۆی نەخۆشی دەروونییەوەیە .

**şerim :** nengî

hendêk car **şerim** be hoy nexoşî derûniyeweye .

**شەڕانی :** لاسار ، گێچەڵاوی

مناڵی **شەڕانی** پێویستە هێور بکرێتەوە بە ئامۆژگاری .

**şeȓanî :** lasar , gêçeḻawî

minaḻî **şeȓanî** pêwîste hêwir bikrêtewe be amojgarî .

**شەڕگە :** گۆڕەپانی جەنگ

لە مێژە کوردستان کراوەتە **شەڕگە** لە لایەن نەیارانی کوردەوە .

**şeȓge :** goȓepanî ceng

le mêje kurdistan kirawete **şeȓge** le layen neyaranî kurdewe .

**شەکانەوە :** لەرینەوە

ئاڵای کوردستان نابێت لە **شەکانەوە** بکەوێت .

وا بڕیارە بە خوێن ئاڵای کوردستان **شەکاوە** بێت چونکوو دەورووبەرمان کورد بە مرۆڤ ناناسن .

**şekanewe :** lerînewe

aḻay kurdistan nabêt le **şekanewe** bikewêt .

wa biȓyare be xiwên aḻay kurdistan **şekawe** bêt çunkû dewrû berman kurd be mirov nanasin .

**شەونخوونی :** ئێشکگرتن

پاسەوانانی شەوانە **شەونخوونی** بەدیار سەرو ماڵی هاونیشتمانیانەوە دەکەن .

**şewnixûnî :** êşikgirtin

pasewananî şewane **şewnixûnî** be diyar serû maļî hawnîştimanyanewe deken .

**شەوێن :** لەوەڕاندنی ئاژەڵ بە شەو

مەڕدارەکان مێگەلەکانیان بۆ **شەوێن** دەبەنە دەشت و کێو .

**şewên :** leweȓandinî ajeļ be şew

meȓdarekan mêgelekaniyan bo **şewên** debene deşitû kêw .

**شیرین :** پێچەوانەی تاڵ

هەناری **شیرینم** لا خۆشترە تۆش ئارەزوی خۆتە.

**şîrîn :** pêçewaney taļ

henarî **şîrînim** la xoştire toş arezûy xote.

**شێوان :** شڵەژان ، تێک چوون ، ژەمە خواردنی ئێواران

**شێواندنی** ئاسایش و ئۆقرەیی گەر لە لایەن دام و دەزگای ئاسایش خۆیەوە بێت بەڵایەکی گەورەیە تووشی هاونیشتمانیان دەبێت .

**şêwandin :** şiļejan , têkçûn , jeme xiwardinî êwaran

**şêwandinî** asayişû oqreyî ger le layen damû dezgay asayişewe bêt beļayekî gewreye tûşî hawnîştimaniyan debêt .

**فراوان :** پان ، بەرین

گەردوون ئەوەندە **فراوانە** هۆشی مرۆڤ ناتوانێ پەی پێ بەرێت چەندە زانستیش لەپێشکەوتندا بێت .

**firawan :** pan , berîn

gerdûn ewende **firawane** hoşî mirov natwanê pey pê berêt çende zanistîş le pêşkewtinda bêt .

**فرتوو فێڵ :** گزی

بە **فرتوو فێڵ** فەرمانڕەوایەتی نابرێتە سەر .

**firtû fêḻ :** gizî

be **firtû fêḻ** fermanȓewayetî nabrêteser .

**فریو :** خەڵەتاندن

نەزانی سەرچاوەی **فریو**خواردنە .

**firîw :** xeḻetandin

nezanî serçawey **firîw**xiwardine .

**فڕێدان :** هەوادان ، بۆ زبڵدان ، بێ کەڵک بوون

**فڕێدانی** زبڵ گوێ نەدانە بە پیس بوونی ژینگە .

**fiȓêdan :** hewadan , bo zibiḻdan , bê keḻikbûn

**fiȓêdanî** zibiḻ giwê nedane be pîs bûnî jînge .

**فەرامۆش کردن :** گوێ نەدان

هەر کەسێ لای خۆیەوە ژینگەی **فەرامۆش** کرد وڵات دەبێتە زبڵدانێکی گەورە .

**feramoş kirdin :** giwê nedan

her kesê lay xoyewe jîngey **feramoş kirid** wiḻat debête zibiḻdanêkî gewre .

**فەرمان :** بڕیار ، ڕاگەیەنراو

دادگا دەبێت **فەرمانەکانی** بۆ دابین کردنی دادی کۆمەڵایەتی ڕابگەیەنێت .

**ferman :** biȓyar , ȓageyanraw

dadiga debêt **fermanekanî** bo dabîn kirdinî dadî komeḻayetî ȓabigeyenêt .

**فرمان :** کار

**فرمان** جێ بە جێ کردن مەرجی بنەڕەتی دامەزراندنە بۆ فەرمانبەر .

**firman :** kar

**firman** cê be cê kirdin mercî bineȓetî damezrandine bo fermanber.

**فەرمی :** میری

بڕیارە **فەرمییەکان** لە هەر بوارێکدا پشتگیری یاسایی گەرەکە .

**fermî :** mîrî

biȓyare **fermiyekan** le her biwarêkda piştgîrî yasayî gereke .

**فیڕۆ :** هەدەر

تەخشان و پەخشان بە بوودجە بە **فیڕۆ**دانی پارەی نەتەوەیە .

**fîro :** heder

texşanû pexşan be bûdce be **fîro**danî parey neteweye .

**فێرکردن :** ڕاهێنان

تاکی کۆمەڵ بە **فێرکردن** پێش دەکەوێت ، **فێرکردنیش** بۆ هەموو تەمەنەکانە لەهەموو بوارەکاندا ئامادە کراو بێت لە لایەن دەسەڵاتەوە .

**fêrkirdin :** îahênan

takî komel̨ be **fêrkirdin** pêş dekewêt , **fêrkirdinîş** bo hemû temenekane le hemû biwarekanda amade kiraw bêt le layen desel̨atewe.

**قایل :** هاتنە بەربار

پرسیاری ڕۆژانەم لە خۆم ئەوەیە بۆ کورد **قایل** نابێت کورد بوون بکاتە ئامانج و واز بهێنێت لە دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبات .

**qayil :** hatne berbar

pirsyiarî îojanem le xom eweye bo kurd **qayil** nabêt kurd bûn bikate amanicû waz bihênêt le desit be kil̨awî xotewe bigre ba neybat .

**قاقا :** پێکەنینی بە دەنگ

**قاقا**لێدان لەوپەڕی دڵخۆشییەوەیە .

**qaqa :** pêkenînî be denig

**qaqa**lêdan lewpeîî dil̨xoşiyeweye .

**قسەڕەق :** وشکدوان

**قسەڕەقی** بێزراوە لە کۆمەڵگادا .

**qiseȓeq :** wişikdiwan

**qiseȓeqî** bêzrawe le komeḽgada .

**قسەزل :** قسە لە تەمەنی هۆشی گەورەتر

مناڵان بەناوبانگن بە **قسەزلی** و قوتی .

**qisezil :** qise le temenî hoşî gewretir

minaḽan benawbangin be **qisezilîw** qutî .

**قەبڵاندن :** خەملاندن ، نرخاندن

لە گەڵ گەشەکردنی زانستدا کێش و پێوانە شوێنی **قەبڵاندنی** گرتەوە.

**qebḽandin :** xemḽandin , nirxandin

le geḽ geşekirdinî zanistda kêşu pêwane şiwênî **qebḽandin**î girtewe.

**قەوارە :** بارست

کورد بێ **قەوارەی** نەتەوەیی ئایندەیەکی ڕووناکی بۆ بەدی ناکرێت بەڵکوو خراپتریشی لێ چاوەڕوان دەکرێت .

**qeware :** barist

kurd bê **qewarey** neteweyî ayindeyekî ȓûnakî bo bedî nakrêt beḽkû xiraptirîşî lê çaweȓwan dekrêt .

**قین :** کینە ، ڕق

**قین** وەک هەستێکی دەروونی دەبێتە مایەی دڕدۆنگی کۆمەڵایەتی .

**qîn :** kîne , r̂iq

**qîn** wek hestêkî derûnî debête mayey dir̂dongî komeļayetî .

**قێزکردن :** بێزلێبوونەوە

**قێزکردن** لە هەندێک خواردن بە هۆی کەلتووروو ڕانەهاتنەوەیە .

**qêzkirdin :** bêzlêbûnewe

**qêzkirdin** le hendêk xiwardin be hoy keltûrû r̂anehatineweye .

**قێزەون :** بێزراو

ئاکاری خراپ لە پیسی و چەپەڵی **قێزەون** ترە .

**qêzewin :** bêzraw

akarî xirap le pîsîw çepeļî **qêzewin** tire .

**قوم :** فڕ

**قوم قوم** خواردنەوە باشترە لە بین پێوەنان .

**qum :** fir̂

**qum qum** xiwardinewe başture le bîn pêwenan .

**کاتی :** بۆ دەمێک ، دەمێک

بەشێوەیەکی **کاتی** کارەکەم جێهێشت تا خوێندنەکەم تەواو بکەم .

**katî :** bo demêk , demêk

be şêweyekî **katî** karekem cêhêşit ta xiwêndinekem tewaw bikem .

**کارامە :** کارزان

**کارامەیی** لە ئەنجامدانی کاردا زانایی و شارەزایی نیشاندانە .

**karame :** karzan

**karameyî** le encamdanî karda zanayîw şarezayî nîşandane .

**کاریگەر :** کارتێکردن

پشت بەستن بە پشتیوانی دەرەکی **کاریگەری** نەرێنی لەسەر دەروون و بەرخودان دادەنێت .

**karîger :** kartêkirdin

pişt bestin be piştîwanî derekî **karîgerî** nerênî leser derûnû berxudan dadenêt .

**کارەسات :** لێقەومان

**کارەساتە** مرۆییەکانی بەسەر کورددا هاتوون نەبوونەتە ئەزموون بۆ چەند بارە نەبوونەوەی .

**karesat :** lêqewman

**karesate** miroyiyekanî beser kurd da hatûn nebûnete ezmûn bo çend bare nebûnewey .

**کارلێککردن :** کارتێکردن لەیەک

هۆکارەکانی ناوەکی و دەرەکی **کارلێککردنی** ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر کردە هەیە .

**karlêkkrdin :** kartêkirdin le yek

hokarekanî nawekîw derekî **karlêkkirdinî** erênîw nerêniyan leser kirde heye .

**کرۆک :** جەوهەر

**کرۆکی** چاک و خراپ لە ڕوخساردا دەردەکەوێ .

**kirok :** cewher

**kirokî** çakû xirap le ȓuxsarda derekewê .

**کاکڵە :** پوختە

**کاکڵەی** میوە وشکەکان زیانی تەندرووستیان نیە چەند بخورێن وەک گوێز و بادام ... .

**kakḽe :** puxte

**kakḽey** mîwe wişkekan ziyanî tendirûstiyan niye çend bixurên wek giwêzû badam ... .

**کەرت :** لەت

کورد بوون مەرجی بنەڕەتی نەهێشتنی **کەرت** و پەرتی نەتەوەییە .

**kerit :** let

kurd bûn mercî bineȓetî nehêştinî **kerit**û pertî neteweyiye .

**کەڵک :** سوود

درۆو چاوو ڕاوکردن **کەڵک** بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد ناگەیەنێت .

**keḻik :** sûd

dirow çawûr̂aw kirdin **keḻik** be amance neteweyiyekan nageyenêt .

**کەمی :** کورتی

**کەمی** هوشیاری نەتەوەیی پێگەی کوردی لاواز کردوە لە ڕووی داگیرکەرە ڕەگەزپەرستەکان و جیهاندا .

**kemî :** kurtî

**kemî** huşyarî neteweyî pêgey kurdî lawaz kirdiwe le r̂ûy dagîrkere r̂egez peristakanû cihanda .

**کەوتن :** بەربوونەوە ، دەرنەچوون

**کەوتنە** خوارەوەی سێوەکە بیرکردنەوەی گالیلۆی بەکێش کرد بۆ هێزی ڕاکێشان .

**kewtin :** berbûnewe , derneçûn

**kewtine** xiwarewey sêweke bîrkirdinewey galîloy be kêş kird bo hêzî r̂akêşan .

**کورتهێنان :** کەم

**کورتهێنانی** داهاتی ئابووری کار دەکاتە سەر گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی .

**kurithênan :** kem

**kurithênanî** dahatî abûrî kar dekate ser gişt biwarekanî jiyanî komeḻayetî .

**کورتە :** پوختە

**کورتەی** پاشکۆی پەرتووک سەرنجێکی خێرایە بۆ خوێنەر .

**kurte :** puxte

**kurte**y paşkoy pertûk serincêkî xêraye bo xiwêner .

**کۆبوونەوە :** گردبوونەوە ، یەک بینینەوە

لە دنیای سەرمایەداریدا ساڵانە جارێک نەوەکان لەگەڵ باوانیان **کۆدەبنەوە** بەتایبەتی لە جەژنەکانی سەری ساڵدا .

**kobûnewe :** girdbûnewe , yek bînînewe

le cihanî sermayedarîda saḻane carêk newekan legeḻ bawanyan **kodebinewe** betaybetî le cejnekanî serî saḻda .

**کۆتایی :** دواییهاتن

جەنگی جیهانی دووهەم **کۆتایی** هات بە تێکشکانی جێرمەنی و هاوپەیمانەکانی و کارەساتی قەڵاچۆکردنی هێرۆشیماو ناکازاکی بە بۆمبی ئەتۆم .

**kotayî :** diwayîhatin

cengî cihanî dûhem **kotayî** hat be têkşikanî cêrmenîw hawpeymanekanîw karesatî qeḻaçokirdinî hêroşîmaw nakazakî be bombî etom .

**کۆسپ :** تەگەرە ، گرفت ، ڕیگری ، بەرزییەکی کەم

**کۆسپەکان** لە ڕێگای ژیاندا زۆرن مرۆڤ دەبێت هەردوو چاکی جەستەیی و ژیری بۆ هەڵبکات .

**kosip :** tegere , girift , r̂êgirî , berziyekî kem

**kosip**ekan le r̂êgay jiyanda zorin mirov debêt çakî cesteyîw jîrî bo hel̂bikat .

**کۆشش :** هەوڵ

بەری **کۆششی** خوێندکاری ژیر بەدەست هێنانی بڕوانامەو داهێنانە لە بواری خوێندنەکەیدا .

**koşiş :** hewil̂

berî **koşişî** xiwêndkarî jîr bedesit hênanî bir̂wanamew dahênane le biwarî xiwêndinekeyda .

**کۆڵەوار :** خراپ ، بێتوانا ، نەزان

نەخوێندەواری لە سەردەمی ژمارەدا ئەوپەڕی **کۆڵەوارییە .**

**kol̂ewar :** xirap , bêtiwana , nezan

nexiwêndewarî le serdemî jimareda ewper̂î kol̂ewariye .

**کۆڵین :** هەڵکەندن ، لێکۆڵینەوە

کرێکارانی خەڵووزی بەرد لە **کۆڵینی** کانەکاندا سەختییەکی زۆر دێتە ڕێگایان .

**kol̂în :** hel̂kendin , lêkol̂înewe

kirêkaranî xel̂ûzî berid le **kol̂înî** kanekanda sextiyekî zor dête r̂êgayan .

**کۆمەڵ :** کۆ ، کۆمەڵگە ، بەیەکەوە

**کۆمەڵی** کوردەواری بە هەموو چینەکانییەوە بەرپرسە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی داگیرکەران و یەکخستنی نەتەوەیی .

**komeļ :** ko , komeļge , beyekewe

**komeļî** kurdewarî be hemû çînekaniyewe ber pirse le r̂ûber̂û bûnewey dagîrkeranu yekxistinî neteweyî .

**کۆن :** دێرین ، بەکاربراو

پاراستنی پاشماوەی **کۆن** گرنگی تایبەتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی نەتەوەیی .

**kon :** dêrîn , bekarbiraw

parastinî paşmawey **kon** giringî taybetî heye bo lêkoļînewey mêjûy neteweyî .

**کینە :** قین ، ڕق

پەروەردەی نەرم **کینە** لە دەروونی مرۆڤدا ناڕوێنێ .

**kîne :** qîn , r̂iq

perwerdey nerim **kîne** le derûnî mirovda nar̂wênê .

**کێشە :** گرفت

**کێشە** کۆمەڵایەتییەکان ڕەگی ئابووریان هەیە .

**kêşe :** girift

**kêşe** komeļayetiyekan r̂egî abûriyan heye .

**گاڵتەپێکردن :** مەزاق پێکردن ، ناشیرین کردن

**گاڵتەپێکردن** شکاندنی دەروونی گاڵتەپێکراوە .

**gaḻtepêkirdin :** mezaq pêkirdin , naşîrîn kirdin

**gaḻtepêkirdin** şikandinî derûnî gaḻtepêkirawe .

**گاڵتەجاڕی :** ڕیسوایی

درۆو چاوڕاو ئامانجی **گاڵتەجاڕی** لێدەکەوێتەوە .

**gaḻtecaȓî :** ȓîswayî

dirow çawûȓaw amancî **gaḻtecaȓî** lêdekewêtewe .

**گاڵتەچی :** گەپ دوو

پلارە ڕەخنە ئامێزەکانی **گاڵتەچییان** داهێنانێکی هونەری کاریگەرە لە بێدار کردنەوەی هاونیشتمانیان .

**gaḻteçî :** gepdû

pilare ȓexne amêzekanî **gaḻteçiyan** dahênanêkî hunerî karîgere le bêdar kirdinewey hawnîştimaniyan .

**گاگەل :** گاڕان

کۆمەڵی ناهوشیار وەک **گاگەلە** دیکتاتۆرێک گاوان ئاسا لێیان دەخوڕێت .

**gagel :** gaȓan

komeḻî nahuşyar wek **gagele** dîktatorêk gawan asa lêyan dexuȓêt .

**گشتی :** بۆ هەموو

که تایبەتمەندێتی له دەسەڵاتداریدا باڵی کێشا به سەر **گشتیدا** خۆی له ستەمی تۆتالیتاریدا دەبینێتەوه .

**giştî :** bo hemû

ke taybetmendêtî le deseḻatdarîda baḻî kêşa beser **giştî**da xoy le sitemî totalîtarîda debînîtewe .

**گشتگیر :** سەراپا ، هەمووی

بارانی پەڵەی ئەمساڵ **گشتگیر** بوو .

**gişitgîr :** serapa , hemû

baranî peḻey emsaḻ **gişitgîr** bû .

**گرانی :** نەبوونی ، بەرزبوونی نرخ ، پارەکەمی

سەرمایەداری لایەنی سەرەکییه له هێنانی **گرانی** بۆ کۆمەڵ .

**giranî :** nebûnî , berizbûnewey nirix , parekemî

sermayedarî layenî serekiye le hênanî **giranî** bo komeḻ .

**گرژ :** هاتنەوه یەک ، تووڕه ، مۆن

نا سەقامگیری دۆخی ئابووری و سیاسی **گرژی** کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوه .

**girjî :** hatnewe yek , tûȓe ,mon

na seqamgîrî doxî abûrîw siyasî **girjî** komeḻayetî lêdekewêtewe .

**گڕووگاڵ :** دەمی بە قسە هاتنی مناڵ

**گڕووگاڵ** تەمەنێکی کورت و جوانی منداڵەو سەرەتای هاتنە زمان گرتنە .

**girûgaḽ :** demî beqse hatinî minaḽ

**girûgaḽ** temenêkî kurtû ciwanî mindaḽew seretay hatine ziman girtine .

**گرێ کوێرە :** ئاڵۆز ، گرێیەک نەکرێتەوە

**گرێ کوێرەی** نەتەوەی کورد نەگەیشتنە بە ئاستی گوێ نەدان بە بەرژەوەندییە پارتایەتییەکان و هەرێمایەتی و نەتەوەیی بیرنەکردنەوە .

**girê kiwêre :** aḽoz , girêyek nekrêtewe

**girê kiwêre**y netewey kurd negeyîştine be astî giwê nedan be berjewendiye partayetiyekanû herêmayetîw neteweyî bîr nekirdinewe .

**گلەیی :** گازندە

ئەوانەی دیوە نهێنی و شاراوەکانی ژیان تێناگەن هەمیشە دەم بە **گلەیین .**

**gileyî :** gazinde

ewaney dîwe nihênîw şrawekanî jiyan tênagen hemîşe dem be **gileyîn.**

**گەدایی :** سواڵکردن

**گەدایی** دیاردەی نا سەقامگیری ئابووری و دەروونی کەسانی دەروون نزمە .

**gedayî :** siwaḽkirdin

**gedayî** diyardey na seqamgîrî abûrîw derûnî kesanî derûn nizme .

**گەڕ :** جاری تر ، نەخۆشی گەڕی (پێست)

**گەڕی** دانووستانەکانی کورد کۆتایی نایات گەر کورد یەک دەنگی نەبێت .

**geȓ :** cary tir , nexoşî geȓî (pêsit)

**geȓî** danûstanekanî kurd kotayî nayat ger kurd yek dengî nebêt .

**گەڕووگول :** تووش بوو بە نەخۆشی پێست ، نەفام و نەزانی هۆشی

کە سیاسەتمەداران تووشی **گەڕووگولی** سیاسەت دەبن نەتەوەش تووشی **گەڕووگولی** کۆمەڵایەتی دەکەن .

**geȓûgul :** tûş bû be nexoşî pêsit , nefamû nezanî hoşî

ke siyasetmedaran tûşî **geȓûgulî** siyaset debin neteweş tûşê **geȓûgulî** komeḻayetî deken.

**گەڕۆک :** گەڕیدە

باس و خواسی وڵاتان لە **گەڕۆکەکان** بپرسە .

**geȓok :** geîde

basû xiwasî wiḻatan le **geȓokekan** bipirse.

**گەڵاڵە :** ئامادە

ئەنجامدانی هەر کارێک پێویستی بە **گەڵاڵە** کردنیەتی .

**geḻaḻe :** amade

encamdanî her karêk pêwîstî be **geḻaḻe** kirdinyetî.

**گەورە :** زل

مەم و زین لە **گەورە**ترین شاکارەکانی چیرۆکی کوردە .

**gewre :** zil

memû zîn le **gewre**tirîn şakarekanî çîrokî kurde.

**گەورەکردن :** ڕەساندن

**گەورەکردنی** منداڵ لە هەردوو لانی جەستەیی و هۆشیەوە کردەیەکی ژیارییە بۆ کۆمەڵگایەکی تەندرووست .

**gewrekirdin :** r̂esandin

**gewrekirdinî** minal̥ le herdû lanî cesteyîw hoşiyewe kirdeyekî jiyariye bo komel̥gayekî tendirûsit.

**گەمارۆ :** ئابڵۆقە

**گەمارۆی** ئابووری جەنگی دەروونیشە کاری گەری نەرێنی لەسەر تاک بەتاکی کۆمەڵەکەی دادەنێت .

**gemaro :** abl̥oqe

**gemaroy** abûrî cengî derûnîşe karî gerî leser tak be takî komel̥ekey dadenê .

**گەندەڵ :** ڕزیو ، خراپ

**گەندەڵی** دزێوترین نەخۆشی ناو فەرمانڕەوایەتییە .

**gendel̥ :** r̂izîw , xirap

**gendel̥î** dizêwtirîn nexoşî naw fermanr̂ewayetiye.

**گەوهەر :** کرۆک ، ناخ

دادوەر دەبێت لە **گەوهەریدا** دادپەروەر بێت .

**gewher :** kirok , nax

dadwer debêt le **gewherîda** dadperwer bêt.

**گەیشتن :** ڕەسین ، هاتن ، پێگەیین

میوانەکان زووتر لە خانەخوێ **گەیشتنە**ماڵەوە .

**geyiştin :** r̂esîn , hatin , pêgeyîn

mîwanekan zûtir le xanexiwê **geyiştine** maḻewe.

**گومڕا :** وێڵ ، لەخۆبایی ، شێوان

زانستە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤ لە **گومڕایی** دەپارێزێت .

**gumr̂a :** wêḻ , lexobayî , şêwan

zaniste komeḻayetiyekan mirov le **gumar̂a**yî deparêzêt.

**گونجان :** سازان

**گونجان** لە دۆخی نامۆی کۆمەڵایەتیدا تێگەیشتن و پەی بردنە بە هەڵس و کەوتی دیاری کراو لە دۆخەکە .

**guncan :** sazan

**guncan** le doxî namoy komeḻayetîda têgeyiştunû pey birdine be heḻsû kewtî diyarî kiraw le doxeke.

**گۆشە :** سووچ

خۆ قەتیس کردن لە **گۆشە** نیگایەکدا مانەوەیە لە ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی تەسکدا .

**goşe :** sûç

xo qetîs kirdin le **goşe** nigayekda maneweye le asoyekî bîrkirdinewey tesikda.

**گۆڕان :** چوون لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر

کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە چەندین قۆناخی **گۆڕان** و گەشەکردندا تێپەڕیوە .

**goȓan :** çûn le doxêkewe bo doxêkî tir

komeḻî mirovayetî be çendîn qonaxî **goȓan**û geşekirdinda têpeȓîwe.

**گۆڕین :** جێی شتێکی تر بگرێتەوە

زانستی تەکنۆلۆژیا ئەوەندە خێرایە **گۆڕینی** سەرسام بە خۆیەوە دەبینێ .

**goȓîn :** cêy şitêkî tir bigrêtewe

zanistî teknolojiya ewende xêraye **goȓînî** sersam be xoyewe debînê.

**گێل :** نەفام

**گێلی** پەی نەبردنە بە زانین و ئەنجامەکانی .

**gêl :** nefam

**gêlî** pey nebirdine be zanînû encamekanî.

**لابران :** دوورخستنەوە

جێ بە جێ نەکردنی ئەرکەکان هۆی بنەڕەتی **لابرانی** بەڕێوەبەر بوو .

**labran :** dûrxistinewe

cê becê nekirdinî erkekan hoy bineȓetî **labiranî** beȓêweber bû.

**لادەر :** لە ڕێ دەرچوو

کەسی **لادەر** لە یاسای ڕەوشتی کۆمەڵایەتی زیان بە تەواوی کۆمەڵ دەگەیەنێ .

**lader :** le r̂ê derçû

kesî **lader** le yasay r̂ewiştî komeḻayetî ziyan be tewawî komeḻ degeyenê.

**لار :** خوار ، لامل

پەروەردەی خێزانی باش هاوشانی پەروەردەی قوتابخانە مناڵ لە **لار**ی دەپارێزێت .

**lar :** xiwar , lamil

perwerdey xêzanî baş hawşanî perwerdey qutabxane minaḻ le **lar**î deparêzêt.

**لاسار :** گوێ نەبیست ، هارووهاج

هەندێ جار **لاساری** وەک ژیری خۆڕسکییە .

**lasar :** giwê nebysit , lamil , harûhac

hendê car **lasarî** wek jîrî xor̂iskiye.

**لامل :** نەچوونە ژێربار ، باوەڕنەهێنان ، ملنەدان

نەزان هەمیشە لە ڕووی زانادا **لاملی** دەنوێنێ .

**lamil :** neçûne jêr bar , bawer̂nehênan , milnedan

nezan hemîşe le r̂ûy zanada **lamilî** denwênê.

**لاواز :** لەڕ ، کز ، کەم گۆشت

برسێتی و خراپ خۆراکی جەستەو هۆش **لاواز** دەکات .

**lawaz :** leȓ , kiz , kem goşit

birsêtîw xirap xorakî cestew hoş **lawaz** dekat.

**لاوانەوە :** پیاهەڵگوتن

لە ڕابوردوودا **لاوانەوە**ی دایک بۆ خەولێخستنی کۆرپەکانیان هونەریکی سایکۆلۆژی بێ ناونیشان ماوەتەوە .

**lawanewe :** piyaheḽgutin

le ȓabûrdûda **lawanewe**y dayik bo xewlêxistinî korpekanyan hunerêkî saykolojî bê nawnîşan mawetewe.

**لەبار :** گونجاو

کەشی نا **لەبار** زۆر کار ناکاتە سەر گەشتی فڕۆکەوانی .

**lebar :** guncaw

keşî na **lebar** zor kar nakate ser geştî fiȓokewanî.

**لەڕوو :** ڕووبەڕوو

هەموو **لەڕوو** لێدوانەکان لێک تێگەیشتنی لێ درووست دەبێت .

**leȓû :** ȓûbeȓû

hemû **leȓû** lêdwanekan lêk têgeyştnî lê dirûsit debêt.

**لەرینەوە :** شەپۆل

دەنگ بە **لەرینەوە** دەگوازرێتەوە .

**lerînewe :** şepol

denig be **lerînewe** degwazrêtewe.

**لەجێی خۆی :** لە شوێنی خۆی

دواندان **لەجێی خۆیدا** تەم و مژی لە دۆخەکەدا دەڕەوێنێتەوە .

**lecêy xoy :** le şiwênî xoy

diwandan **lecêy xoy** temû mijî le doxekeda deȓewênêtewe.

**لەسەرەخۆ :** هێواش

وتوو وێژی **لەسەرەخۆ** باشتر مەبەست دەگەیەنێت .

**leserexo :** hêwaş

witû wêjî **leserexo** baştir mebesit degeyenêt.

**لەکارخستن :** وەستاندن

**لەکارخستنی** مینەکانی شەڕگەکان زیانە گیانییەکانی هاونیشتمانیان کەم دەکاتەوە .

**lekarxistin :** westandin

**lekarxistinî** mînekanî şeȓgekan ziyane giyaniyekanî hawnîştimanyan kemdekatewe.

**لەکارکەوتن :** وەستان

**لەکارکەوتنی** دەستوور دەسەڵاتی بنەماڵەو خێڵ درێژە پێ دەدات .

**lekarkewtin :** westan

**lekarkewtin**î destûr deseḻatî binemaḻew xêḻ dirêje pê dedat.

**لەکە :** پەڵە

**لەکەدار** کردن تاوانێکە بێ ویژدانانە مرۆڤی پێ دەشکێنرێت لە کۆمەڵدا بۆیە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە پێویستی بە داڕشتنی یاسایە .

**leke :** peḻe

**leke**dar kirdin tawanêke bê wîjdanane mirovî pê deşkênrêt le komeḻda boye le r̂ûy saykolojiyewe pêwîstî be dar̂iştinî yasaye.

**لەناوبردن :** نەهێشتن ، قەڵاچۆکردن

کورد لە مێژەوە تا ئێستا دووچاری **لەناوبردن** بۆتەوە بێ ئەوەی خۆی توانیبێتی بەر بگرێ لە چەندبارە بوونەوەی .

**lenawbirdin :** nehêştin , qeḻaçokirdin

kurd le mêjewe ta êstaş dûçarî **lenawbirdin** botewe bê ewey tiwanîbêtî ber bigrê le çendbare bûnewey.

**لووس :** بێ گرێ ، پێچەوانەی دڕ

بە سمارتە ماڵشتی ئەکات بۆ **لووس** کردنی .

**lûs :** bêgirê , pêçewaney dir̂

be simarte maḻiştî ekat bo **lûs** kirdinî.

**لوول :** پێچخواردوو

قالی بە **لوولدان** هەڵدەگیرێ نەک بەقەد کردن .

**lûl :** pêçxiwardû

qalî be **lûl**dan heḻdegîrê nek beqed kirdin.

**لینج :** لیچق

بەگشتی گیاندارە ئاویەکان **لینجن .**

**lînc :** lîçiq

be giştî giyandare awiyekan **lîncin.**

**لێپێچینەوە :** لێپرسینەوە

**لێپێچینەوە** باشترین ڕێگای بە گیرهێنانی گەندەڵکارانە .

**lêpêçînewe :** lêpirsînewe

**lêpêçînewe** baştrîn r̂êgay be gîr hênanî gendeḽkarane.

**لێدان :** پیاکێشان

کاریگەری دەروونی **لێدانی** مناڵ لە گەورەبوونیدا دەردەکەوێت .

**lêdan :** piyakêşan

karîgerî derûnî **lêdan**î minaḽ le gewrebûnîda derdekewêt.

**لێڵ :** ناڕوون

**لێڵ** بوونی ئاو زیان بە ماسی و گیاندارە ئاوییەکانی تر دەگەیەنێت .

**lêḽ :** nar̂ûn

**lêḽ** bûnî aw ziyan be masîw giyandare awiyekanî tir degeyenêt.

**لێکۆڵین :** توێژینەوە

**لێکۆڵینەوە** هەر لەسادەکەیەوە تا ئاڵۆزەکانی گۆڕانیان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هێناوەتە دی.

**lêkoḽîn :** tiwêjînewe

**lêkoḽînewe** her le sadekeyewe ta aḽozekanî goȓanyan le jiyanî mirovayetîda hênawete dî.

**لێهاتوو :** کارامە

کەسانی **لێهاتوو** لە دوو ڕێگاوە پەیدا دەبن باڵادەستی لە خوێندن و شارەزابوونیان لە ئەنجامدانی کاردا .

**lêhatû :** karame

kesanî **lêhatû** le dû ȓêgawe peyda debin baḽadestî le xiwêndinu şarezabûniyan le encamdanî karda.

**مشتوومڕ :** وتوو وێژی گەرم

ئێستاشی لەگەڵدا بێت کورد **مشتوومڕی** یەکلاکەرەوەی کورد بوونی ئەنجام نەداوە .

**miştûmiȓ :** witû wêjî gerim

êstaşî legeḽda bêt kurd **miştûmiȓî** yeklakerewey kurd bûnî encam nedawe.

**ملهوڕ :** سەرسەخت

نەفام و نەزانان **ملهوڕانە** ملدەنێن .

**milhuȓ :** sersexit

nefamû nezanan **milhuȓane** mildenên.

**مرۆ :** مرۆڤ

کۆمەکی **مرۆیی** کردەیەکی کاتییە بۆ هەڵاتوانی جەنگ چارەسەری درووست نەهێشتنی جەنگە .

**miro :** mirov

komekî **miroyî** kirdeyekî katiye bo heļatiwanî ceng çareserî dirûsit nehêştinî cenge.

**مەشق :** ڕاهێنان

**مەشق** مەرجی بنەڕەتییە بۆ فێربوون .

**meşiq :** ȓahênan

**meşiq** mercî bineȓetiye bo fêrbûn.

**مەرایی :** مێچکەکردن

هەر بەرپرسێک گوێی لە **مەرایی** کەران ڕاگرت خۆی بەهەمان ڕێگادا تێپەڕیوە .

**merayî :** mêçkekirdin

her berpirsêk giwêy le **merayî** keran ȓagirt xoy be heman ȓêgada têpeȓîwe .

**مەزن :** گەورە

**مەزنی** ژن لەوەدا دەرئەکەوێ وەک دایک لێی پڕوانرێت .

**mezin :** gewre

**mezinî** jin leweda derekewê wek dayik lêy biȓwanrêt.

**منداڵانە :** کرداری منداڵانە

ووڕک خۆی **منداڵانەیە .**

**mindaḽane :** kirdarî mindaḽane

wiȓik xûy **mindaḽaneye.**

**مۆن :** گرژ

لە ژیاندا **مۆنی** نامۆییە .

**mon :** girij

le jiyanda **monî** namoyiye.

**مێژە :** لەڕابوردوو

کورد لە **مێژە** لەبازنەیەکی داخراودا ئەخولێتەوە .

**mêje :** le ȓaburdû

kurd le **mêje** le baznayekî daxrawda exulêtewe.

**مێگەل :** ڕانەمەڕ ، ئاژەڵێکی زۆر بە یەکەوە

**مێگەلوو** دیکتاتۆر بە یەکەوە دەسازێن .

**mêgel :** ȓanemeȓ , ajeḽêkî zor beyekewe

**mêgelû** diktator beyekewe desazên.

**ناپاک** : وڵات فرۆش ، خۆفرۆش

**ناپاکی** بەرامبەر بە وڵات و نەتەوە پاساوی لێخۆش بوونی نابێ هەیێت .

**napak :** wiḽat firoş , xofiroş

**napak**î beramber be wiḽatû netewe pasawî lêxoş bûnî nabê hebêt.

**ناز :** خۆشەویستی نواندن

بۆی دەلوێ بۆیە **ناز**دەکات .

**naz :** xoşewîstî niwandin

boy delwê boye **naz** dekat .

**ناسازی :** ناتەبایی ، نەخۆشی

خەمی نەتەوەیان نیە بۆیە بە **ناسازی** ئەیگوزەرێنن .

**nasazî :** natebayî , nexoşî

xemî neteweyan niye boye be **nasaz**î eyguzerênin.

**نزیک :** پێچەوانەی دوور ، خزم و خوێش

مرۆڤ لە کەسە **نزیکەکانیەوە** باشتر ئاشنای کۆمەڵ دەبێت .

**nizîk :** pêçewaney dûr , xizmû xiwêş

mirov le kese **nizîkekaniyewe** baştir aşnay komeḽ debêt.

**ناکاو :** لەپڕ

مەرگی **ناکاویش** ڕیشەی نەخۆشی هەیە .

**nakaw :** lepiȓ

mergî **nakawîş** ȓîşey nexoşî heye.

**ناکۆک :** دژ

**ناکۆکی** چینایەتی ئەنجامی نادادی و چەوساندنەوەیە لەدەرکەوتنیدا .

**nakok :** dij

**nakok**î çînayetî encamî nadadîw çewsandineweye le derkewtnîda.

**نەبەز :** براوە ، نەسرەوت

سەرەڕای ئەو هەموو شکست و نووچدانانەی بەسەر کورددا هاتووە هەر **نەبەزیوە** لەبەرخوداندا.

**nebez :** birawe , nesrewit

sereȓay ew hemû şikistû nûçdananey beser kurd da hatiwe her **nebezîwe** leberxudanda.

**نەبوو :** هەژار ، نەدارا

**نەبوو** بێ دەرامەت ترین چینی کۆمەڵە .

**nebû :** hejar , nedara

**nebû** bê deramet tirîn çînî komeḻe.

**نەدوو :** کەم قسە

شکاندن و سەرکۆنەکردنی مناڵ تووشی **نەدوویی** دەکات .

**nedû :** kem qise

şikandinû serkonekirdinî minaḻ tûşî **nedû**yî dekat.

**نەڕێت :** خوو

هەڵسو کەوتە کۆمەڵایەتیەکان بە درێژایی مێژوو دووبارەکردنەوەیان بوونەتە **نەڕێت.**

**neȓêt :** xû

heļsû kewte komeļayetiyekan be drêjayî mêjû dûbare kirdneweyan bûnete **neȓêt**.

**نەزۆک :** نەهێنان ، مناڵ نەبوون

ناتەواوی لە کۆ ئەندامی زاووزێدا ئەبێتە هۆی **نەزۆکی** .

**nezok :** nehênan , minaļnebûn

natewawî le ko endamî zawûzêda ebête hoy **nezokî.**

**نەژاد :** ڕەچەڵەک

زۆر جار بەهەڵە وشەی ڕەگەز لە جێگای **نەژاد** بەکارهاتووە ، **نەژاد** بۆ مێژووی نەتەوە بەکار دەبرێ و ڕەگەزیش بۆ دیاری کردنی نێر و مێ .

**nejad :** ȓeçeļek

zor car be heļe wişey ȓegez le cêgay **nejad** bekar hatiwe , **nejad** bo mêjûy netewe bekar debrêw ȓegezîş bo diyarî kirdinî nêrû mê.

**نەسرەوتن :** ئارام نەبوون ، بێ ئارامی ، بزۆزی

٢٠١٤/١٠/٢٦ ئەمڕۆ ٤٠ ڕۆژ تێدەپەڕێت بەسەر **نەسرەوتنی** شەڕڤانانی کۆبانی لە بەرخودانیاندا .

**nesrewtin :** aram nebûn , bê aramî , bizozî

26/10/2014 emȓo 40 ȓoj têdepeȓêt beser **nesrewtinî** şeȓvananî kobanî le berxudanyanda.

**نەفرەت :** نەفرین

**نەفرەت** لەوانەی لەژێر درووشمی برایەتی و مرۆڤایەتیدا زەبر لە برای مرۆڤایەتیان دەدەن .

**nefret :** nefrîn

**nefret** lewaney le jêr dirûşmî brayetîw mirovayetîda zebir le biray mirovayetiyan deden.

**نەگۆڕ :** وەستاو ، مانەوە لە دۆخی خۆی

بیری پووچی **نەگۆڕ** لە نەزانیەوە دێت .

**negoȓ :** westaw , manewe le doxî xoy

bîrî pûçî **negoȓ** le nezaniyewe dêt.

**نەویست :** بەلادانەچوون

خۆپەسندی خوویەکی **نەویستراوە .**

**newîsit :** belada neçûn

xopesindî xûyekî **newîsit**rawe.

**نەهاتی :** نەبوونی ، قاتوقڕی

کەشی بێ بارانی **نەهاتی** بەرووبوومی بەدوادا دێت .

**nehatî :** nebûnî , qatûqirî

keşî bê baranî **nehatî** berûbûmî bediwada dêt.

**نواندن :** خستنەخەو ، پیشاندان

ئەکتەری سەرکەوتو لە **نواندیدا** دەرەکەوێ .

**niwandin :** xistnexew , pîşandan

ekterî serkewtû le **niwadin**da derekewê**.**

**نیگار :** نەخش

*مایکل ئەنجلۆ* لە **نیگار** کێشە بەناوبانگەکانی ئیتالیای پێش زایینە .

**nigar :** nexiş

***maykil encilo*** le **nigar** kêşe benawbangekanî Îtalyay pêş zayîne.

**نوێ :** نوو ، تازە

بیری **نوێ** کرداری **نوێ** کۆمەڵگای **نوێ.**

**niwê :** nû , taze

bîrî **niwê** kirdarî **niwê** komeḻgay **niwê.**

**نوێکار :** نوێ لە کاردا

خاوە لە کارەکەیدا چونکە **نوێکارە .**

**niwêkar :** niwê le karda

xawe le karekeyda çunke **niwêkare.**

**نهێنی :** پەنهان ، لەپەناوە ، ڕاز

**نهێنیەکانی** گەردوون ئەوەندە زۆرن ئەشێ لە تواناى مرۆڤایەتیدا زانینی ئەستەم بێت .

**nihênî :** penhan , le penawe , r̂az

**nihêni**yekanî gerdûn ewende zorin eşê le tiwanay mirovayetîda zanînî estem bêt.

**واتا :** ڕوونکردنەوەی وشە

زمانی دەوڵەمەند وشەکانی لە **واتا**یەک پتریان بێت لە پێشکەوتن ناکەوێت .

**wata :** r̂ûnkrdinewey wişe

zimanî dewl̬enend wişekanî le **wata**yek pitiryan bêt le pêşkewtin nakewêt.

**وتار :** خوێندنەوە یا قسە بۆ خەڵک کردن

**وتار** دەربڕینی بیروو بۆچوون و هەست و نەستی خاوەنەکەیەتی .

**witar :** xiwêndinewe ya qise bo xel̬ik kirdin

**witar** derbir̂înî bîrû boçûnû hestû nestî xawenekeyetî**.**

**وشک :** بێ ئاوی ، پێچەوانەی تەڕ

**وشکە** ساڵی سەرئەنجامی بێ بارانی و بە فیڕۆدانی ئاوی بارانە .

**wişik :** bê awî , pêçewaney ter̂

**wişke** sal̬î ser encamî bê baranîw be fîr̂odanî awî barane.

**وشە :** واژە

**وشە**سازی باشترین ڕێگایە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمان بە پێی پێداویستی و داهێنانەکان .

**wişe :** waje

**wişe**sazî baştirîn řêgaye bo dewḻemenid kirdinî ziman be pêy pêdawîstîw dahênanekan.

**وریا :** زرنگ ، هوشیار

لە کاروو باری ئاسایش و پاراستندا **وریایی** خاڵێکی گرنگە لە هەڵبژاردنی کەسەکانیدا .

**wirya :** ziring , huşyar

le karû barî asayişû parastinda **wiryayî** xaḻêkî giringe le heḻbijardinî kesekanîda.

**وروژاندن :** جووڵاندن ، تووڕەکردن ، دنەدان

نادادپەروەری فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگا بەرەو **وروژاندن** دژی خۆی ئاراستە دەکات .

**wirûjandin :** cûḻandin , tûřekirdin , dinedan

nadadperwerî fermanřewayetî komeḻga berew **wirûjandin** dijî xoy araste dekat .

**ورە :** بوێری ، ئازایەتی

جگە لە نا بەرامبەری لە چۆنایەتی و جەندایەتی هێزی شکستخواردوو **ورە**ی فەرماندەو سەربازەکانیش کاریگەری سەرەکیە .

**wire :** biwêrî , azayetî

cige le naberamberî le çonayetîw çendayetî hêzî şikisitxiwardû **wire**y fermandew serbazekanîş karegerî serekiye.

**وەرگەڕاو :** ژێروو ژوور بوو ، دەرچوون لە باوەڕ

بەهۆی خێرایی لیخورینەوە **وەرگەڕاو** سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستدا.

**wergeȓaw :** jêrû jûrbû , derçûn le baweȓ

be hoy xêrayî lêxuȓînewe **wergeȓaw** sernişînekanî giyanyan le desitda.

**وەرگیراو :** خواستراو

لە نووسیندا نووسەر پێویستە بڕگە یا ڕستە **وەرگیراو**ەکانی نوسەرانی تر بخاتە کەوانەوەو ناوی نووسەر دیاری بکات .

**wergîraw :** xiwastiraw

le nûsînda nûser pêwîste biȓge ya ȓiste **wergîraw**ekanî nûseranî tir bixate kewanewew nawî nûser diyarî bikat.

**وڕ :** کاس

**وڕ**ی سەرەنجامی پێنەگەیینی مێشکە هەروەها ئەو بەسەرهاتانەی کار لە مێشک دەکەن .

**wiȓ :** kas

**wiȓ**î serencamî pênegeyînî mêşke herweha ew beser hataney kar le mêşik deken.

**ویستراو :** ئارەزووبوون

یەکسانی **ویستراو**ی مرۆڤایەتیە بەڵام لە کرداردا پێچەوانەی ئەو ویستەوە گوزەراوە.

**wîstiraw :** arezûbûn

yeksanî **wîstiraw**î mirovayetiye beḻam le kirdarda pêçewaney ew wîstewe guzerawe.

**وێڵ :** ون ، گومڕا

**وێڵ** بوون ئەنجامی نەشارەزاییە لە شوێن و بیرکردنەوەدا .

**wêḻ :** win , gumȓa

**wêḻ** bûn encamî neşarezayiye le şiwênû bîrkirdineweda.

**یاد :** بیر

**یاد**ەوەریە باش و خراپەکانی مرۆڤ کەڵکی ئەرێنی و نەرێنیان هەیە لەسەر مرۆڤ بە پێی هوشیاری مرۆڤەکە .

**yad :** bîr

**yad**eweriye başû xirapekanî mirov keḻkî erênîw nerêniyan heye leser mirov be pêy huşyarî miroveke.

**یاخی :** دژی یاسای باو

هەموو **یاخی** بوونێک دژی یاسای درووست نییە ، **یاخی** بوونی یاسایی بۆ بە یاساییکردنی یاسایە بە تایبەتی لە یەکسان بوونی مرۆڤدا .

**yaxî :** dijî yasay baw

hemû **yaxî** bûnêk djî yasay dirûsit niye , **yaxî** bûnî yasayî bo be yasayî kirdinî yasaye le yeksan bûnî mirovda.

**یاسا :** ڕێو شوێنی بەڕێوەبردن

جەنگەڵیش **یاسا**ی هەیە ئازایەتی و بە کۆمەڵی ژیانی ئاژەڵان لە بی **یاسا**یی ناو مرۆڤایەتیدا خۆی باشتر ئەنوێنێ .

**yasa :** r̂êw şiwênî ber̂êwe birdin

cengeḻîş **yasay** heye azayetîw be komeḻ jiyanî ajeḻan le bê yasayî naw mirovayetîda xoy baştir enwênê.

**یانە :** کۆمەڵە

هەندێ جار بۆ کار گوزاری پشتی پەردەوە **یانە**کان بەکار دەبرێن .

**yane :** komeḻe

hendê car bo kar guzarî piştî perdewe **yane**kan bekar debrên.

**یەکبوون :** بوون بەیەک ، یەکگرتن

**یەکبوونی** کورد بازدانە بەسەر ویست و خواستی پارتایەتی وخێڵ و دەستەگەریدا.

**yekbûn :** bûn be yek , yekgirtin

**yekbûn**î kurd bazdane beser wîstû xiwastî partayetîw xêḻû destegerîda.

**یەکلاکردنەوە :** بەلاداخستن ،گەیشتنەئەنجام

**یەکلاکردنەوە**ی سوپای نەتەوەیی کورد ڕەوشی بەرخودان بە قازانجی نەتەوەیی دەگێڕێتەوە .

**yeklakirdinewe :** beladaxistin , geyiştine encam

**yeklakirdinewe**y supay neteweyî kurd řewşî berxudan be qazancî neteweyî degêřêtewe.

**یەکگرتن :** یەکبوون

لە دیرۆکی کورددا **یەکگرتنی** بەخۆیەوە نەبینیوە تا ببێتە خاوەنی وڵات و فەرمان ڕەوای خۆی .

**yekgirtin :** yekbûn

ledîrokî kurdda **yekgirtin**î bexoyewe nebînîwe ta bibête xawenî wiļatû fermanřeway xoy.

**هاشا :** نەچوونە ژێربار

**هاشا** کردن و نەبوونی بەڵگەی دروست گومان لەسەر تاوانبار کەم ناکاتەوە.

**haşa :** neçûne jêr bar

**haşa** kirdinû nebûnî beļgey dirûst guman leser tawanbar kem nakatewe.

**هاندان :** ورووژاندن ، دنەدان

**هاندان** گیانی بەرگری لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەهێز دەکات و پڕووپاگەندەی دوژمنان پووچەڵ دەکاتەوە .

**handan :** wirûjandin ,dinedan

**handan** giyanî bergrî le komeļî kurdewarîda behêz dekatû přûpagendey dujmnan pûçeļ dekatewe.

**هاوتا :** هاولینگ ، هاوسەنگ ،وەک یەک

هەردوو تای ترازوو دەبێت **هاوتا** بن پێش کێشانە کردنی شمەک .

**hawta :** hawlîng , hawseng ,wek yek

herdû tay tirazû debêt **hawta** bin pêş kêşane kirdinî şimek.

**هاوسنوور :** سنوور بەیەکەوە

سەیروو سەمەرەیە بڵێین کورد **هاوسنوورن** و چاڵی جیاکردنەوە بە دەستی کورد لە نێوانیاندا هەڵبکەندرێ .

**hawsinûr :** sinûr be yekewe

seyrû semereye biḽêyin kurd **hawsinû**rû çaḽî ciyakirdinewe be destî kurd le nêwanyanda heḽbikendirê.

**هاوشان :** شان بە شان

مەرجە لە گەشە کردنی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا **هاوشان** لەگەڵ یەکدا گرنگیان پێ بدرێت .

**hawşan :** şan be şan

merce le geşekrdnî herdû kertî kiştûkaḽû pîşesazîda **hawşan** legeḽ yekda giringiyan pê bidrêt.

**هاوڕێژە :** چوون یەک ، لەیەک چوون

دەسەڵاتی بنەماڵەیی **هاوڕێژەن** با شێوەو ناوەکانیان جیاوازیش بن .

**hawȓêje :** çûnyek , leyekçûn

deseḽatî binemaḽeyî **hawȓêjen** ba şêwew nawekanyan ciyawazîş bin.

**هاو واتا :** هەمان واتا

بەکار هێنانی وشە **هاو واتا**کان زۆر گرنگە لە وتن و داڕشتن و پاراوی زماندا.

**haw wata :** heman wata

bekar hênanî wişe **haw wata**kan zor giringe le witinû dar̂iştinû parawî zimanda.

**هەڕەشە :** ترساندن

هەمیشە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی **هەڕشە** بوون بۆ سەر زمانی کوردی ئێستاش ئینگلیزی.

**her̂eşe :** tirsandin

hemîşe zimanekanî erebîw turkîw farisî **her̂eşe** bûn bo ser zimanî kurdî êstaş Îngilîzî.

**هەژار :** نەبوو ، نەدارا

**هەژاران** ڕێژەیەکی زۆر گەورەی مرۆڤایەتی پێک دەهێنێ بە هۆی ناداد پەروەری ڕژێمەکانی جیهان بەرامبەر بە مرۆڤ و چەوساندنەوەیان .

**hejar :** nebû , nedara

**hejaran** r̂êjeyekî zor gewrey mirovayetî pêkdehênê be hoy nadad perwerî r̂ijêmekanî cihan beramber be mirovû çewsandineweyan.

**هەڵبەست :** دانراو

تا ئێستا **هەڵبەستی** ئەی ڕەقیب درووست ترین سرووودی نەتەوەیی کوردە .

**heḻbesit :** danraw

ta êsta **heḻbestî** ey r̂eqîb dirûsit tirîn sirûdî neteweyî kurde.

**هەڵبەستراو :** بوختان ، دروستکراو

وتەی **هەڵبەستراو** کاری گەری هەیە لەناو زڕاندنی کەسێک و بە قێزەون ترین خوو دادەنرێت .

**heḻbestiraw :** buxtan , dirûsitkiraw

wtey **heḻbestiraw** karî gerî heye lenaw zir̂andinî kesêkû be qêzewin tirîn xû dadenrêt.

**هەراسان :** بێزار

بێ ڕەوشتی خوویەکی دزێوە ڕەگەزی نێر بەهۆیەوە ڕەگەزی مێی پێ **هەراسان** دەکات.

**herasan :** bêzar

bê r̂ewiştî xûyekî dizêwe r̂egezî nêr be hoyewe r̂egezî mêy pê **herasan** dekat.

**هەراوهوریا :** دەنگە دەنگ

گەر دەتەوێ کاتێکی سەیربەسەر بەریت لە گەڵ دەنگدا بچۆرە بازارە گەورەکان پڕە لە **هەراوهوریا .**

**herawhurya :** denge deng

ger detewê katêkî seyir beser berît legeḻ dengda biçore bazar̂e gewrekan pir̂e le **herawhurya.**

**هەست :** ئاگا

سۆزوو خۆشەویستی **هەستی** مرۆڤە ناسکەکانە .

**hesit :** aga

sozû xoşewîstî **hestî** mirove naskekane.

**هەڵدان :** خستنە ئاسمان ، فڕێدان ، دنەدان

زۆر جار لە کۆلارە **هەڵداندا** سەرەنگرێ بوومە بە هۆی تەماشا نەکردنی بەرپێی خۆم .

**heḽdan :** xistne asman , fiȓêdan , dinedan

zor car le kolare **heḽdan**da serengrê bûme be hoy temaşa nekirdnî ber pêy xom.

**هەڵە :** چەوتی

چاککردنەوەی **هەڵە** سەرکەوتنە .

**heḽe :** çewtî

çakkirdnewey **heḽe** serkewtine.

**هەڵەداوان :** بەپەلە

ئەوەندە **بەهەڵەداوان** هەواڵەکەی ڕاگەیاند پڕی بوو لە هەڵە .

**heḽedawan :** bepele

ewend be **heḽedawan** hewaḽekey ȓageyand piȓî bû le heḽe.

**هەڵەشە :** پەلەپەلکەر

مرۆڤی **هەڵەشە** کارەکەی بە نیوەچڵی ئەنجام دەدات .

**heļeşe :** pelepelker

mirovî **heļeşe** karekey be nîweçiļî encam dedat.

**هەڵقوڕان :** خواردنەوە

شلەکەی ئەوەندە بە تام بوو بینی پێوە ناو هەمووی **هەڵقوڕاند .**

**heļquȓan :** xiwardinewe

şilekey ewende be tam bû bînî pêwe naw hemûy **heļquȓand.**

**هەڵگەڕاوە :** جیاوەبوو ، دەرچوو

بە هۆی بۆچوونی جوداوە لە هاوبیرەکانی **هەڵگەڕایەوە .**

**heļgeȓawe :** ciyawebû , dercûn

be hoy boçûnî cudawe le hawbîrekanî **heļgeȓayewe.**

**هەڵوەشاندنەوە :** لێکترازاندن ، لێکجیاکردنەوە

لیفکەکەی **هەڵوەشاندەوە** چونکە شێوازی چنینەکەی پێ جوان نەبوو.

**heļweşandnewe :** lêktrazandin , lêkciyakirdinewe

lîfkekey **heļweşandewe** çunke şêwazî çinînekey pê ciwan nebû.

**هەوەس :** ئارەزو

زاڵ بوونی **هەوەس** بەسەر ژیاندا دوا ڕۆژی باشی نابێت .

**hewes :** arezû

zaļ bûnî **hewes** beser jiyanda diwa ȓojî başî nabêt.

**هوشیاری :** وریایی

**هوشیاری** کۆمەڵ لە دواکەوتوویی ڕزگار دەکات بەرەو کۆمەڵێکی داهێنەر ئەیگوازێتەوە .

**huşyarî :** wiryayî

**huşyarî** komeḻ le diwakewtûyî ȓizgar dekat berew komeḻêkî dahêner eygwazêtewe.

**هونەر :** دەست ڕەنگینی

وانە **هونەر**یەکان لەسەرەتادا خۆیان لەنەخشی سادەو خەتکێشان ئەخاتە ڕوو کە لێی قووڵ دەبێتەوە **هونەر** دەربڕینی ڕازەکانی گەردوونە لە گیاندارو بێ گیانەکاندا .

**huner :** dest ȓengînî

wane **huner**iyekan leseretada xoyan le nexşî sadew xetkêşan exate ȓû ke lêy qûḻ debêtewe **huner** derbiȓînî ȓazekanî gerdûne le giyandarû bê giyanekanda.

**هێمن :** ئارام

لە سرووشتەوە **هێمن** وەرگیراوە ئەو دەمەی باو بۆران و ڕەشەباو هەورو باران و بەفر لە ئارادا نیە و ئاسمان شین خۆر تیشکی زێڕینی خۆی بڵاو کردۆتەوە .

**hêmin :** aram

le sirûştewe **hêmin** wergîrawe ew demey baw boranû ȓeşebaw hewrû baranû befir le arada niyew asman şîn xor tîşkî zêȓînî xoy biḻawkirdotewe.

**هێرش :** پەلامار

لە بەرامبەر ڕەخنە توندەکانیدا **هێرشی** بۆ بردوو بە زمانێکی زۆر پاراو پڕ خۆشی وەڵامیدایەوە .

**hêriş :** pelamar

le beramber r̂exne tundekanîda **hêrişî** bo birdû be zimanêkî zor paraw pir̂ xoşî weḽamîdayewe.

**هێور :** لەسەرەخۆ

لە بەرامبەر تووڕەبووندا **هێوری** باشترین وەڵامە .

**hêwir :** leserexo

le beramber tûr̂ebûnda **hêwirî** baştirîn weḽame.

**هێنانەکایەوە :** داهێنان

ئەزموونەکەڵەکە بووەکانی زانست مرۆڤایەتی گەیاندۆتە ئاستێک دەست بەرێت بۆ زانین و ئاشکراکردنی ڕازەکانی گەردوون بۆ ئەوەش تاقیگاو ئامێری سەر سووڕهێنەری **هێناوەتە کایەوە .**

**hênanekayewe :** dahênan

ezmûne keḽeke biwekanî zanist mirovayetî geyandote astêk desit berêt bo zanînû aşkira kirdinî gerdûn bo eweş taqîgaw amêrî ser sûr̂hênerî **hênawetekayewe.**

بەو هیوایەم درێژەی هەبێت گەر تەمەن یاربێ ، کار نیە بێ کەم و کووڕی بێت بۆیە داوای بووردن دەکەم .

bew hîwayem dirêjey hebêt ger temen yar bê , kar niye bê kemû kûr̂î bêt boye daway bûrdin dekem.